سازمان اتحاد فدائیان کمونیست
Iranian Fedaian Communist League

www.fedayi.org

# مەسەڵەی زەوی ، بزووتنەوەی جووتیاران و سیاسەتی ئێمە

نووسینی : فیدایی شەهید مەنسور ئەسکەندەری

لە بڵاوکراوەکانی : کومیتەی کوردستانی ڕێکخراوی یەکێتی فیدائیانی کۆمۆنیست _ سەرماوەزی ١٣٨٢

جزوەی مەسەڵی زەوی ، بزووتنەوەی جووتیاری و سیاسەتی ئێمە ، لە سەرەتاکانی ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی لە لایەن هاوڕێ شەهید مەنسور ئەسکەندەری ئەندامی کومیتەی ناوەندی ڕێکخراو نووسرا و تاکو ئێستا بە شێوەیەکی ناوخۆیی لە ڕێکخراو ئیستفادەی لێ دەکرا . لە بەر ئەوەی کە ئێستا ئەم لێکدانەوەیە دەتوانی بە مەبەستی هەڵسوکەوتی داهێنەرانە لە گەڵ بابەتی ئەم باسە لە بەر دەستی هەموو هێزەکانی شۆڕشگێر و بە تایبەت لایەنگرانی ڕێکخراو دابنرێ ، بۆیە بۆ دەرەوە چاپ و بڵاوی دەکەینەوە . شیاوی ئاماژە پێکردنە کە لابردنی کەم و کوریەکانی ئەم جزوەیە بە هۆی شەهید بوونی هاوڕێ مەنسور مومکین نەبووە .

ڕێکخراوی چریکەکانی فیدایی گەلی ئێران
گەلاوێژی ١٣٦٣

## گەشە کردنی سەرمایەداری لە لادێ

دوو رێگا حەل بۆ پەرەساندن و گۆرینی پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان مومکین بوو :

١ _ رێگا حەلێکی ئارام و هێمنانە ، بەرە بەرە و ئاشتیانە ، ریفورمەکان لە سەرەوە ،لە لایەن ئیمپریالیزم و پێگەی ناوخۆیی ئەو ، رێگایێک کە ناوی " شۆرشی سپی " بە خۆوە گرت و ئەگەرچی هەروا کە ئەرسنجانی وتی پێویستی کۆمەڵگا بوو ، بەڵام بە شێویەک جێ بە جێ کرا کە وەک هەموو نموونەکانی مێژوویی وەک ئەو ( " رێگای پروسی " )بێ گۆمان پەرەگرتنی سەرمایەداری دابین دەکرد ، " بەڵام زۆر خاو ،لە گەڵ دانی ساڵەها هێز و دەسەڵات بە یونکرەکان " و " هەزار جار خراپتر لە رێگا حەلیتر ، ( " رێگای ئەمریکایی " ) بۆ پرولیتاریا و جووتیاران بوو . ( " قسەکانی کۆنی مەنشویکی " _ لینین )هەروا سەرەرای زاڵ بوونی ، لە پاڵ خۆیدا شێوەیەکی دیکە لە کۆکردنی زەویەکانی کشتوکاڵی لە گەڵ خۆی ڕادەکیشا ، و ئەو " زەوتی مڵکایەتی "تووند و تیژ و لە گەڵ وەحشیانەترین ئەشکنجەکان کە وە بیر هێنەری بێڕەحمانەترین شێوەکانی میژوویی زەوتی مڵکایەتی لە جووتیاران ، " دیوار کیشی " لە بەریتانیایە .

٢ _ رێگا حەلی وەک زڕیان ، لە ناکاو و بە شێوەی کینەیی ، ریفورمەکان لە خوارەوە بە شێوەیەکی دیموکراتیک لە لایەن جووتیاران و پرولیتاریا ، رێگایێک کە بە " شۆرشی جووتیاری "ناوی دەر کردووە و پرولیتاریا لە یکگرتن لە گەڵ جووتیاران بە ئەنجامی دەگەیێنێ .ئێمە لە ئێران لە گەڵ رێگا حەلی یەکەم رووبەرووین ، پرۆسەی پەرەگرتنی سەرمایەداری " لە سەرەوە " و لە لایەن چینەکانی دەسەڵاتدار و لە ڕەوتی شەڕ بۆ مانەوەی دەسەڵات ، لە ژێر ناوی " شۆرشی شا و خەڵک "خۆی نیشان دەدات و لە ناوەرۆک دا رێگا حەلێکی ئیمپریالیستی بۆ مەسەڵەی زەوییە .گەشەی سەرمایەداری و یان دروست تر بلین جێنشینی خاوی سەرمایەداری لە گەڵ سیستەمەکانی پێشەوەی خۆی لە لایەن چینەکانی دەسەڵاتدار



خەتی تۆخ و روونێکە کە هەموو رووداوەکانی وەک یاسای ناونووسی مڵکەکان لە ساڵی ١٣٠٠ی هەتاوی تاکو ریفورمی زەوی لە ساڵی ١٣٤٠ی هەتاوی و پاش ئەوی لە بەرانبەر ئێمە دادەنێ .پرۆسەی لە ناوچوونی دڵتەزێنی کۆمەڵگای لادێیە کە بە شێوەکانی جۆراوجۆر خۆی نیشان دەدات .مەبەستی ئێمە لە نووسینی ئەم بەشە لە بابەتەکە شتێک جگە لە پێداچوونەوەی چۆنیەتی ئەم جێنشینیە نیە . لینین لە پێداچوونەوەی گەشەی سەرمایەداری لە رووسیا سێ پێوەری سەرەکیی بۆ ناسینی ڕادە و ئاستی پەرەگرتنی سەرمایەداری دیاری دەکات :

١ _ پەرەگرتنی پەیوەندیەکانی کەرەسەیی کە بەو هۆیە زەوی و هێزی کار لە بەشی کشتوکاڵی لە یەکتر جیا دەبێتەوە و شیاوی رەوانە کردن بۆ بازاری دراوی دەبێت .

٢ _گەشە کردنی بازارەکانی ناوخۆیی بەو شێوەیە کە گۆرینەوەی کەرەسە و دراو لە نێوان بەشی لادێ و بەشی شاری پەرە بستێنێ .

٣ _گەشەی پێکهاتی چینایەتی سەرمایەداری بەو شێوەیە کە جووتیار یەک بوون و یەک دەستی خۆی وەک چینێک لە دەس بدات . ( هەر ئەو سەرچاوە _ لینین ) .

لەو جێگایە کە حەلی مەسەڵەی زەوی بە شێوەی کاپیتالیستی بە هەر شێوازێک زەمینەکانی کۆمەڵایەتی _ ئابووری تایبەت بە خۆی پێویستە ، ئێمە یەکەم لە پێداچوونەوەی چۆنیەتی پێکهاتنی ئەم زەمینانە دەس پێ دەکەین .

ئەوەی کە حسابات و رەقەمەکانی ئاماری ( سەرژمێری ) دەڵێن ، لایەنێکی لە پەرەساندنی ئابووری کەرەسەئیە کە سەرەتا زەوی و هێزی کار دەگۆرێتە کەرەسە . یەکەم ، ئیمکانی بورژوایی کڕین و فرۆشتنی زەوی وەک کەرەسە کە لە سەرەتاوە بە شێوەی پەسەند کردنی ناونووسی مڵکەکان لە ساڵی ١٣٠٠ی هەتاوی پێک هاتبوو دووهەم بۆ ئەوەی کە هێزی کار لە بەشی لادێ بگۆردرێتە کەرەسە ،دەبوایە لە دوو بوار ئازاد بێت . یەکەم ئەوەی کە لە ئامرازەکانی بەرهەم هێنانی بچووکی خۆی ڕزگار بێت ،واتە لە پرۆسەی زەوتی مڵکایەتی سەرمایەداری ئەوی لە

دەس دابێت دووهەم ئەوەی کە دانی ئەم هێزە کارە بە هەر کەسێک ئازاد بێت (ئازادی لە قەید و بەندەکان و کردەوەکانی دەرەبەگایەتی ) . بەم هۆیە لە پەرەساندنی سەرمایەداری یەکەم ئێمە بە دابڕانی بەشێکی گەورە لە حەشیمەتی لادێی و پەیوەست بوونی ئەوان بە حەشیمەتی شارەکان رووبەرووین .

لە مەودای دە ساڵ ( ١٣٥٥ _ ١٣٤٥ هەتاوی ) نزیک بە ٤/٥ ملیون نەفەری لادێی هاتنە ناو شارەکان کە نیوەی ئەم نەفەرانە پەیوەندی خۆیان بە تەواوی لە گەڵ لادێیەکان پچڕاون . هەروا نزیک بە ٢٢ هەزار لادێ ئێران لە ٨٦ هەزار لادێ لە مەودای ١١ ساڵ ( لە ١٣٤٥ تا ١٣٥٦ی هەتاوی ) چۆڵ کراوە . لە " ڕاپورتی ئابووری ساڵی ١٣٥٦ی بانکی مەرکەزی " دەخوێنین :

" بە هۆی کوچی خێراتری دانیشتووانی لادێەکان بەرەو شارەکان لە مەودای بەرنامەی پێنجەم ،حەشیمەتی خەریکی کاری بەشی کشتوکاڵی بە بەردەوامی روو لە کەم بوونە بە شێوەیەک کە بە پێ حساباتی سەرەتایی لە مەودای ئەم دەورەیە نزیک بە ٧٣٠هەزار نەفەر لە حەشیمەتی خەریکی کار لەم بەشەدا کەم بووەتەوە . "

ئەگەر بڕوانینە وەزعی ئابووری _ کۆمەڵایەتی کوچ کراوانی لادێەکان پێش لە هاتنیان بەرەو شارەکان ،بە تایبەتی هێندێک بنەماڵە لە نێوانیاندا هەیە کە لە وەزعێکی زۆر خراپ و نالەباردا لە لادێەکان ژیاون . بۆ نموونە بە پێ پێداچوونەوەیێکی نموونەیی لە سەداسەدی بنەماڵەی خۆش نشین ٦٦٪ ، لە وردە ماڵکەکان کەمتر لە ١/٥ هەکتار زەوی ٦٠٪ ،و لە وردە ماڵکەکانی زۆرتر لە ٤ هەکتار زەوی ٢٧٪ کوژیان کردووتە بەرەو شارەکان هەروا بە هۆی سیاسەتەکانی رێژیمی پاشایەتی بە تایبەت لە ساڵەکانی ئاخری حکومەتی شا ئەم پرۆسەیە زۆر پەرەی گرت . سیاسەتی " جێگیر کردن و راست کردنەوەی نرخەکان " کە لە راستیدا سیاسەتی جێگیر کردنی نرخەکانی بەرهەمەکانی کشتوکاڵی ( گەنم ، جۆ ، لۆکە ، چۆنەر ،قەند و هیتد . . . )بوو بە کردەوە جووتیارانی ماڵ وێران کرد . چ نرخی



کەل و پەلەکانی هاتووی سەرمایەیی و مەسرەفی بەشی سەنعەت ( پیشە ) بە خێرایی ( ٢ یا ٣ قات )زیاد دەکرا و بە هۆی جێگیر بوونی نرخی بەرهەمی جووتیاران بە بەردەوامی لە داهاتی ئەوان کەم دەبوو و هەر ساڵ بە ڕادەیێکی زۆرتر ئەوان لە زنجیری قەرزەکانی بانکەکان و دامەزراوەکانی ماڵی و دەوڵەتی و خسوسی دیل دەکرد . سەرەرای ئەمەی کە سیاسەتی ئابووری " دەرگاکانی کراوە " ی شا کە بە مەبەستی پڕ کردنی بازاری ناوخۆیی لە کەل و پەلەکانی ئیمپریالیستی _ بە شێوەی تێر کردنی پێداویستیەکانی مەسرەفی پێکهاتوو ىپاش رۆێشتنە سەرەوەی نرخی نەوت _ بوو ،دیسان زۆرتر بووە هۆی ماڵ وێرانی دانیشتووانی لادێەکان .

هێنانی یەکجار زۆری کەل و پەلی مەسرەفی کشتوکاڵی ( گۆشت ، گەنم ، برنج ، میوە و هیتد . . . )بە کردەوە جووتیارانی تووشی ئەو رەقیبانەی دەکرد کە تەنانەت خەونی بەربەرەکانی لە گەڵ ئەوانی قەد نەیتوانی ببینێ . بە پێ ئامار ( سەر ژمێری ) " ڕادەی هێنانی مەوادی خاو و کەل و پەلەکانی واسیتەیی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری لە ١٤٨ ملیون دولار لە ساڵی ١٣٥٥ی هەتاوی بە ٢٥٦ دولار لە ساڵی ١٣٥٦ ی هەتاوی گەیشت ، یانی ٧٣٪ چووەتە سەر . نمووداری ( چەماوەی ) خوارەوە گۆرانکاری هێنانی کەل و پەلەکان لە ساڵی ١٣٥١ تاکو ساڵی ١٣٥٦ی هەتاوی نیشان دەدات .




هەروا بە پێ ئامار "ساڵنامەی ئاماری وڵات لە ساڵی ١٣٥٦ی هەتاوی " ڕادەی زۆر بوونی ساڵانەی حەشیمەت لە نێوان ساڵەکانی ١٣٤٥ تاکو ١٣٥٥ی هەتاوی لە

سەرانسەری ولات ٢/٧٪ بووە .ئەم ڕادە لە زۆر بوونە لە ناوچەکانی شاری ٤/٨٪ و لە ناوچەکانی لادێی ١/٢٪ بووە کە بە لە بەرچاوگرتنی نێوانی زۆری ٣/٦٪ زۆر بوونی ناوچەکانی شاری بە نیسبەت ناوچەکانی لادێی ، خێرایی ڕەوانە بوونی حەشیمەت بەرەو شارەکان نیشان دەدات . ( کار ژمارەی ٧٢ )



نموونداری سەرەوە بە باشی ئەم تایبەتمەندیەی پەرەساندنی ئابووری کەرەسەیی ( زۆر بوونی حەشیمەتی شارەکان ) نیشان دەدات .

ئەوەی کە لەم ڕەقەمانە و نموودارانە دەردەکەوێ ئەمەیە کە ئەگەرچی زۆر دەمێک بووە کە یەکەم هۆکار بۆ پەرەساندنی ئابووری کەرەسەیی ئامادە دەکرێ ،بەلاّم ئەم ڕەوتە پاش ریفورم زۆر خێراتر دەبێ . ئاکامی ئەم ڕەوتە لەشکرێکی گەورە لە جووتیارانی هەژارە کە بە هۆی ئیفلاس و ماڵ وێرانی لە لادێ دەر کراون ،بەرەو شارەکان و ریزی پرولیتاریا سەر ڕێژ دەکات . ئەم سەر ڕێژ کردنە بەو مانایە کە کشتوکاڵ " بۆ خۆ " دی جووتیاران ( بەشدار بوون ) کە مەرجی هەبوونی بلەکی کار بۆ ئەرباب و بەم هۆیە مەرجی بوونی سیستەمی ئەربابیە ، لە گەڵ دابڕانی ئەو لە سەر زەوی بچووکەکەی خۆی بەرەو لە ناو چوون دەچێ و بەم شێوەیە یەکێک لە کۆڵەکەکانی سیستەمی ئەربابی دەرووخێ و ئەوەیتر بەو مانایە کە ئەمە خۆی سەقامگیری لەشکری پرولیتاریا و بازاری ناوخۆیی ( بازاری کار و بازاری کەرەسە )بۆ سەرمایەیە کە خۆی هۆی پەرەساندنی سەرمایەداریە . لینین ئەم پرۆسەیە بەم جۆرە بەیان دەکات :



"بە لە بەرچاو گرتنی ئەم ڕاستیە کە لە دەورانی پێش لە ئابووری کەرەسەیی ، بەرهەم هێنانی پیشەیی لە گەڵ پیشەی مەوادی خاو تێکەڵە و لە سەرەوەی پیشەی مەوادی خاودا کشتوکاڵ ڕاوەستاوە ،پەرەگرتنی ئابووری کەرەسەیی بە شێوەی جیا بوونی یەک بە دوای یەکی لقەکانی پیشە لە کشتوکاڵ خۆی نیشان دەدات . لە ئاکام دا پەرەساندنی ئابووری کەرەسەیی خۆ بە خۆ بە مانای جیابوونەوەی هەر ڕۆژ زۆرتری بەشێک لە حەشیمەتی کشتوکاڵی واتە زیاد بوونی حەشیمەتی پیشەیی ،بە قەیمەتی کەم بوونەوەی حەشیمەتی کشتوکاڵیە . "

( "پەرە ساندنی سەرمایەداری لە رووسیا " . )

کەم بوونی حەشیمەتی لادێەکان بە قازانجی حەشیمەتی شاری خۆی بەو مانایەیە کە بەشێک لە هێزی کاری بەشی کشتوکاڵی لە ئەو جیا و بە بەشی پیشە روو دەکات سەرژمێریەکانیش ئەم ڕاستیە دەسەڵمێنێ . بە شێوەێک کە ڕێژەی هێزی کاری بەشی پیشە و خزمەتگوزاری بە هەموو هێزی کار لە نێوان ساڵەکانی ١٣٥١ _ ١٣٣٥ی هەتاوی گۆڕانکاریەکانی خوارەوە نیشان دەدات :

| ســـــاڵ | ڕێژەی هێزی کاری بەشی پیشە و خزمەتگوزاری بە هەموو هێزی کار |
|---|---|
| ١٣٣٥ | ٪٤٣/٦ |
| ١٣٤٥ | ٪٥٣/٨ |
| ١٣٥١ | ٪٦٣/١ |

دەبینین کە ئەم پرۆسەیە بە شێوەێکی بەرچاو لە ساڵی ١٣٣٥ی هەتاوی دەستی پێ کردووە و لە ساڵەکانی ٥٠ەوە گەیشتووتە بەرزترین ئاستی خۆی ، ئاکامی کۆتایی ئەم پرۆسەیە ئەوەیە کەزەختی بەرهەم هێنانی زۆرترێک بە سەر پاشماوەی حەشیمەتی لادێ دێت ،لە ئاکام دا نە تەنیا چەوساوەکانی شاری بەڵکو جووتیاران کە کۆمەڵێکی زۆر لەوان بێ بەشترین توێژەکانی کۆمەڵایەتی پێک دێنن ، قورسایی

سەر لە نوێ دروست کردنی هێزی کار کەوتە ئەستۆیان . " ئەوان زۆرتر کاریان دەکرد کە زیندوو بمێننەوە کە کرێکار رەوانەی پیشەکان بکەن " .

دووهەم ئەوەی کە هەر ئەم جووتیارە هەژارانە کە تا ماوەیێکی پێش لەمە خاوەن حەیوانی کار بوون ،ئێستا ئەویش لە بەر هەژاری زۆرتر لە دەس دەدەن . ئەم پرۆسەیە شێوەیێکی تایبەتی لە جیایی بەرهەم هێنەری بچووک لە ئامرازەکانی بەرهەم هێنانە . بۆ نموونە لە ساڵی ١٣٣٩ی هەتاوی ، پەنجا لە سەدی بەرهەمەکانی بە دەس هاتووی بچووکتر لە یەک هەکتار و ٢٣٪ بەرهەمەکانی بە دەس هاتوو ١ تا ٢ هەکتار بە بێ مانگا و کار بوون . ئەمانە لە ساڵی ١٣٥٣ی هەتاوی بە ڕادەی ٦٨٪ و ٤١٪زیاد بوون و یان ڕێژەی‌بەرهەمەکانی بە دەس هاتوو بە بێ حەیوانی کار لە ساڵی ١٣٣٩ی هەتاوی ، ٨٦٪ بۆ کەمتر لە ١ هەکتار و نزیک بە ٦٥٪ بۆ ١ تا ٢ هەکتار بووە . ئەم رێژانە لە ساڵی ١٣٥٣ی هەتاوی بە ٩٢٪ و ٧٣٪ گەیشتووە ( کەند و کاو ، ژمارە ٨ ) . سەلمێندراوە کە هەزینەی حەیوانەکانی بارکێش لە گەڵ زۆر بوونی ژمارەی ئەوان دادەبەزێ . لینین دەنووسێ :

'لە گەل زیاد بوونی بەرینی مەزرا و رووبەری کێڵاو لە لایەن جووتیاران ، هەزینەی پاراستنی هێزی کار _ بریتی لە ئینسان و یان حەیوان _ کە رەقەمی گەورەی هەزینە کشتوکاڵی پێک دێنێ ،بە شێوەیێکی دووقات دادەبەزێ و بۆ ئەو گروپانەی کە خەریکی کاڵینی رووبەرەکانی بەرینن لە بەرانبەر هەر دسیاتینی زەوی کێڵاو نزیک بە نیوەی هەزینەی وەک ئەو ئەو گروپانەی کە خەریکی کاڵینی رووبەرەکانی بچووکن دادەبەزێ . "

(پەرەساندنی سەرمایەداری . . . " لاپەرەی ٣٩ _ لینین )

ئەم پرۆسەی لە دەس دانی حەیوانی کار بەو مانایەیە کە لە حاڵێکدا هندێک لە جووتیارانی هەژار رۆژ لە دوای رۆژ زۆرتر فرێ دەدرێنە ناو ریزەکانی پرولیتاریا ، هندێکی‌تر لە جووتیارانی مام ناوەندی و هەروەها دەوڵەمەند بە قەیمەتێکی



هەراوتر دەوڵەمەندتر دەبن و یان پرۆسەی وەلانرانی گروپی ناوەراست و بە هێزکردنی دوو گروپی ئاخر کە بە هێدی و خاوە خاو لە ئارادایە روو دەدات .

لە سیستەمی کاری رەعیەتی ئێمە لە گەڵ ئامراز و شێوازەکانی کشتوکاڵی دەورەکانی زۆر کۆن رووبەرووین و ئەم مەسەڵەیە ریشە لە پەیوەندیەکانی مڵکایەتی سیستەمی ئەرباب و رەعیەتی‌ی هەیە بە کار هێنانی شێوەکانی زۆر پێشکەوتووی کشتوکاڵی لە لایەن جووتیاران بۆ دەسکەوتی زۆرتر ، ئاکامێک جگە لە تاڵانی زۆرتری ئەو لە لایەن ئەرباب نیە ،بۆیە جووتیاران مەیلێکیان بە ئیستفادە کردن لە ئامرازەکانی پێشکەوتوو نیە .هەر بۆیە ئەگەر بڕوانینە چەند دەیە پێش لە ریفورمەکانی زەوی ،ئیستفادە لە ماشینەکانی کشتوکاڵی نزیک بە هیچە و بەڵام تۆزێک بەر لە ریفورمەکانی زەوی ئێمە لە گەڵ پەرەگرتنی ئیستفادە لە ماشینەکانی کشتوکاڵی رووبەرووین و ئەمە هۆیەکانی‌تایبەت بە خۆی هەیە . بۆ نموونە ئەوەی کە ئەرباب بۆ زیاد کردنی قازانج و دەسکەوت ماشینەکانی کشتوکاڵیی کڕی و یان بە هۆی ئەوەی کە یەکێک لە ئەسڵەکانی یاسای ریفورمی زەوی ، زەویەکانی میکانیزەی لە دابەشکردن لابرد ، ئەربابەکان ماشینەکانی کشتوکاڵیان کڕی .

هەروەها کۆمپانیاکانی ناردنی ماشینەکانی کشتوکاڵیش لە هەموو ئاسانکاریەکانی دەوڵەتی و ئیمکاناتی هاندەرانەی ئەو بۆ ناردنی کەل و پەل و فرۆشتنی ئەو بە جووتیاران و خاوەن زەویەکان کەڵکیان وەر دەگرت .نموداری پەرەساندنی ڕادەی هێنانی ماشینەکانی کشتوکاڵی بە باشی ئەم رەوتە ئاشکرا دەکات .



بەڵام ئیستفادە لە ماشینەکان لە کشتوکاڵ بە هەر هۆ و لە بەر هەر چی کە بێت و بە هەر هەستان و دابەزینێک

کە بەرەو پێش بچێ ،دەبێتە هۆی پەرەساندنی سەرمایەداری لە کشتوکاڵیدا . چونکە بە وتەی لینین دا :

" لە لایێکەوە سەرمایەداری هۆی برەوی و پەرەساندنی ئیستفادە لە ماشینەکان لە کشتوکاڵە و لە لایێکەترەوە ، بە کار هێنانی ماشینەکان لە کشتوکاڵ خاوەن ناوەرۆکێکی سەرمایەداریە . "

( " پەرەساندنی سەرمایەداری . . . " _ لینین )

بە کار هێنانی ماشینەکان لە کشتوکاڵدا خاوەن ناوەرۆکێکی سەرمایەداریە چونکە بە مەبەستی ڕزگار بوون لە کاری ڕەعیەتی ئەنجام دەدرێ و ئەمە بە مانای سەرمایەداری کردنی بەرهەم هێنانە و لە لایێکیترەوە سەرمایەداری بۆ لە ناو بردنی سیستەمی کاری ڕەعیەتی و و ئازاد کردنی جووتیاران دەبێ لە ماشینەکانی کشتوکاڵی کەڵک وەر بگرێ .

ئیمپریالیزم بە هۆی کەم بوونی بازارەکانی پاش شەڕی دووهەمی جیهانی ( ئازاد بوونی وڵاتانی ژێر سوڵتەی خۆی ) بە ریشەیی کردنی سەرمایە لە وڵاتانی ژێر سوڵتەی خۆی وەک ئێران خەریک بوو و بۆیە ریفورمەکانی زەوی لە هەموو وڵاتانی ژێر سوڵتە لە دەستووری کاری خۆی دانا .هەروەها زۆر دەمێک بوو کە لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ئیمکاناتی ئاو و خاکی ئێران دەس پێ کردە بوو ( کۆتائیەکانی دەیەی ۲۰ی هەتاوی بە دواوە ) و لە کۆتائیەکانی دەیەی ۳۰ی هەتاوی خەریکی سەرمایەدانان لە بەشی کشتوکاڵیش بوو و جەمسەرەکانی ئاو و خاکی ئێرانی ( خوزستان ، قەزوێن ، موغان ، گیلان و تورکمەن سەحرا و هیتد . . . ) کردە گۆرەپانی سەرمایەدانانەکانی گەورەی دەسەڵاتدارانی سەر بە خۆی و تێکۆشا تاکو هەر کام لەوان بکاتە جەمسەری تایبەت بە بەرهەمێک کە گۆنجاوترین و پڕ لە قازانجترین بەرهەمی ئەو ئاو و خاکە بێت ( ماڕچوبە و سۆیا لە خوزستان لە ژێر بەنداوی (



سەد ) دز ، دارستانەکانی میوەی دەشتی قەزوێن ، لۆکەی تورکمەن سەحرا ، گەنمی دەشتی موغان و هیتد . . . )و بەم جۆرە زەربە بدات لە ئاڵ و گۆڕ کردنی سنووردار و یان پێ بە پێی ئابووری سرووشتی و ئاڵ و گۆڕ کردنی بازرگانی ( توجارەتی )نێوان جەمسەری بە ئاڵ و گۆڕ کردنی نێودەوڵەتی ( ناوخۆ و دەرەوە ) زیاد بکات .

*　　*　　*

بە دوای ریفورمەکانی زەوی ، لە ساڵی ۱۳۳۹ی هەتاوی نزیک بە ۱۹۳٤۱٦۰ بنەماڵەی پێودانگ خەریکی کشتوکاڵ بوون . سەرژمێریەکلی ریفورمەکانی زەوی لە ساڵی ۱۳٥٤ی هەتاوی نیشان دەدات کە لە مەودای سێ قۆناغی ریفورمەکانی زەوی نزیک بە ۲٤٥۷۸۲۸ جووتیاری پێودانگ خاوەن ئاو و مڵک کراون . یان بە پێ بەرئاوەردایێک کە ئاکامی بینین و یان پێداچوونەوەکانی ئاماری هاوریانە لە کۆتایی ساڵی ۱۳٤۸ی هەتاوی کە لە بەشی " پەرەساندنی وردە مڵکایەتی ئیش کەر ( جووتیاری خۆ ئیش کەر ) " لە لاپەرەی ۹۰ی کتێبەکە "لە بارەی ریفورمەکانی زەوی و ئاکامەکانی ڕاستەوخۆی ئەو " هاتووە ،پێش لە ریفورمەکانی زەوی تەنیا نزیک بە ۱۳۳هەزار کەس لە جووتیارانی ئێران بژیویان لە زەوییەک بەرێوە دەچوو کە هینی خۆیان بووە ( چونکە ۷٪ی جووتیارانی ئێران پێش لە ریفورمەکانی زەوی هەر کام نزیک بە ۳هەکتار یان زۆرتر زەویان هەبووە و هەموو جووتیارانی پێودانگ و وردە ماڵیک ۱۹۳٤۱٦۰ بنەماڵە بوون ) بەڵام پاش ریفورمەکانی زەوی ڕادەی وردە ماڵیکەکانی ئیش کەر بە حساباتی دەوڵەت بە ۹/۱ کلیون کەس و بە حساباتی ئێمە بە نزیکی ۸۰۰ هەزار کەس زیادی کردووە . کە ۳۰۰ هەزار کەس لەمانە بوونەتە خاوەن زەوی بەس بۆ بەرێوەبردنی ژیانی خۆیان . "

نموونداری خوارەوە زیاد بوونی ڕادەی وردە ماڵیکەکان نیشان دەدات . چونکە ماشینەکانی قورسی کشتوکاڵی هەمیشە گرانتر لەوەیە (لە بواری بە سەرفە بوون و هەروا نرخەکەی )تاکو وردە ماڵیک لەوان ئیستفادە بکات .



کاردانەوەکانی کەڵك وەرگرتن لە ماشینەکانی کشتوکاڵی بە مەبەستی باش کردنی جوت کردن لە گەڵ هۆکارێکی‌تر کە کەڵك وەرگرتن لە پەینی کیمیاویە تەواو دەبێ .ئیستفادەی بەربلاو و خێرا لە پەینی کیمیاوی هەنگاوێك بەرەو پێش بۆ زیاد کردنی سەمەرەی زەویە ،نیشانەێك لە جێگیر بوونی خاوەن مڵکایەتی ئەربابی لە گەڵ خاوەن مڵکایەتی سەرمایەداری زەویە . بۆ نموونە بە کار هێنانی پەینی کیمیاوی لە ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی ، ٤٧ هەزار تەن بووە ،لە حالێکدا ئەم رەقەمە لە ساڵی ١٣٤٩ی هەتاوی گەیشتووتە ٢٤٣ هەزار تەن .

لە باسەکانی سەرەوە ئێمە ئاماژەمان بە بەرهەم هێنان بۆ ئاڵ و گۆر پێکردن بە شێوەی تایبەتی و هەروا کۆکردنی بەرهەم هێنان کردین .پێویستە زۆرتر شیی بکەینەوە .کشتوکاڵی توجاری کاتێك قسەی لێ دەکرێ کە رووبەری زەوی کێڵاوی جووتیار لە لانی کەمی زەویەك کە بۆ بژیوی ئەو پێویستە تا ڕادەیەکی زۆرتر گەورەتر بێت .ئابووری جووتیار لەم حاڵەدا لە شێوەی ئابووری سرووشتی دەر دەچێ و بە شێوەی ئابووری کەرەسەیی دەگۆرێ و پاشان پرۆسەی کۆبوونی سەرەتایی کۆمەڵگاکانی کلاسیك و گەشە کردنی سرووشتی پەێوەندیەکانی سەرمایەداری دەس پێ دەکات ،بەڵام ئەە چاوپۆشی بە سەر راستیەکانە ئەگەر پێمان وا بێت کە ئەم پرۆسەیە هەر بەم شێوەیە لە ولاتی ئێمەیش جەریانی هەبووە .



لەکۆمەڵگاکانی ژێر سوڵتە بە گشتی و لە ئێران بە تایبەتی تا هەر ئەوەی کە زەمینەی باش و گۆنجاو بۆ ڕاکێشانی سەرمایە (ماڵی و پیشەیی و کشتوکاڵی و . . . هیتد فەراهەم بوو لافاوی بێ وەچانی سەرمایەکان بەرەو لادێەکان بە رێ دەکەوێ و ئەم زەمینە باش و گۆنجاوە لە لایەن هاوبەشانی سەرمایەدارانی پاوانخوازی ئامادە بوو (ریفورمی زەوی لە ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی ) . بە وتەیەکی‌تر سەرمایەی گەورە نە لە ڕەوتی گەشە کردن و پەرەساندنی ناوخۆیی کۆمەڵگا بەڵکو لە دەرەوە هاتووتە ناو کۆمەڵگای لادێ . بۆیە لە ئابووری کشتوکاڵی بە شێوەێکی ئاشکرا لە گەڵ دوو شێوەی بەرهەم هێنانی بە تەواوی جیاواز لە یەکتر رووبەرووین . لە لایێکەوە بەرهەم هێنان لە گەڵ ئامراز و تەکنولۆژی زەمانی زۆر کۆن بە بەرهەمی زۆر زۆر کەم ،لە لایێکی‌ترەوە لە گەڵ بەرهەم هێنانی ووڕ پێشکەوتووی ولاتانی ئیمپریالیستی‌یە پشتوانەی گەورەترین سەرچاوەکانی ماڵی نێونەتەوەیی ( سەبارەت بەم بابەتە لە بەشی ریزبەندی چینایەتی لە ناوخۆی لادێەکان قسە دەکەین ) .

سەرنج دان بە نموداری بەرهەم هێنان لە بەشی بەرهەم هێنانی بەرهەمەکانی مەوادی خاوی پیشەیی وەك چونەر بە ڕادەێکی زۆر روونکەرەوەی ئەم دیاردەیە هەیە .هەروا کە دەبینین بەرهەم هێنانی چونەر ( کە بە شێوەێکی گشتی‌دا لە دامەزراوەکانی بەرهەم هێنانی میکانیزە و گەورە بەرهەم دێت ) بە دوای ساڵەکانی پاش ریفورم زۆر بووە .



گۆرانکاری و پەرەساندنی بەشی کشتوکاڵی لە سیستەمێکی داخراوی ئابووری کە لە بەشی ئابووری سرووشتی جێی دەگرت تا گۆرینی لقەکانی ئەو بە لقەکانی لە سەنعەت هەموویان نیشاندەری پەرەگرتنی سەرمایەداری لە بەشی کشتوکاڵی وەك قەڵای قایمی دەرەبەگایەتیە . سەرمایەداری لە سەرەتاکانی پەرەساندنی خۆی لە بەشی کشتوکاڵی یەکەم جار ئەوێ لە بەشی ئابووری سرووشتی دەر دەهێنێ و دەکاتەی بە بەشێك لە ئابووری کەرەسەیی . بەڵام لە ئێراندا گەشەی سەرمایەداری لە کشتوکاڵیدا تەنیا بە مانای بە وجود هێنانی پێشکەوتووترین تەکنیکەکان لە پاڵ بەرهەم هێنانی وردی جووتیاری ماڵ وێرانە کە بە چاوی خۆی هێرشی سەرمایەدار بە مڵکەکەی بە باشی دەبینێ . بەڵام ئەوەی کە مەبەستە لە ناو چوونی دژایەتیەکانی کۆنی ئەرباب و رەعیەتی دێ و پێکهاتنی دژایەتیەکانی نوێە . هەروا بە وتەی لینین :

"کۆی هەموو دژایەتیەکانی ئابووری ئێستا لە نێوان جووتیاران بریتیە لەو شتەی کە ئێمە ناوی جیابوونەوەی چینایەتی جووتیاران لە سەر دادەنێن . "

( " پەرە ساندنی . . . " لاپەرەی ۱۱۱ )

سەرمایەی ئیمپریالیستی نەتەنیا جووتیاری رەعیەتی لە حاڵەتی رەعیەت بوون دەر دەهێنێ بەڵکو کۆمەڵانی جووتیاری لە حاڵەتی کۆمەڵێکی بێ شێوە دەر دەهێنێ و بە کێشانی سنوورەکانی چینایەتی لە نێوان ئەم کۆمەڵە بێ شێوەیە ئەوێ وەك دیاردەکانیتر بە ئارامی جەمسەر بەندی دەکات . ئەگەر تاکو پێش لەم جەمسەر بەندیە ، ناوی جووتیار ،لە رەعیەتی بێ پێودانگ تاکو جووتیاری ئاسوودەی مەراییکەر کە ناوی کوێخای لە سەر بوو لە بەر دەگرت ، ئێستا ئەم ناوە تەنیا دەتوانێ دروست کراوی زەینی ئەو کەسانە بێت کە چاوی خۆیان بە سەر پرۆسەی " غەیری جووتیاری کردن " ی سەرمایەداری داخستوون . ئێستا " ریز بەندی چینایەتی "لە ناو لادێکانی ئێران دەخەینە بەر باس و لێکدانەوە .



## ریز بەندی چینایەتی لە لادێ

بە دوای ریفورمی زەوی لە ساڵی ٤١و پەرەساندنی سەرمایەداری گرێدراو و زاڵ بوونی ئەو بە سەر کۆمەڵگا لە نێوان جووتیاران ریز بەندێکی تازە پێك هات ، و شێوەی بەرهەم هێنانی دەرەبەگایەتی جێگای خۆی بە شێوەی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری لە لادێ سپارد . بەڵام پاشماوەکانی کردەوەی بەرهەم هێنانی دەرەبەگایەتی هێشتا هەیە و سەرەرای ئەمەی کە سەرانسەری لادێ لە لایەن تەکنولۆژی و ماشینی بوونی بەرهەم هێنانی کشتوکاڵی بە شێوەیەکی تەواو داگیر نەکرا تەنانەت شێوەکانی بەش کەوتن لە بەرهەم لە بوارەکانی جۆراوجۆر کە نیشانی بوونی پاشماوەکانی کردەوەی دەرەبەگایەتیە وەك خۆی ماوەتەوە . و لە برێك ناوچەکان وەك کوردستان زۆرتر خۆی نیشان دەدات . لە حاڵێکدا لە هندێك ناوچە وەك گونبەد کە بە شێوەیێکی ئەساسی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری لە بەشی کشتوکاڵی وۆرتر پەرەی ساندووە لە ئەویشدا هێشتا دوو جەمسەری بوونی کۆمەڵگای لادێی ناتوانین ببینین ،یانی ئەوەی کە ریز بەندی کرێکارانی کشتوکاڵی و سەرمایەدارانی زەوی ،بە وتەیێکیتر گەشەی سەرمایەداری لە لادێ هاوئاهەنگی ئاواهای لە گەڵ گەشەی ئەو لە شارەکان و لە پەیوەندی لە گەڵ پیشەکان نیە . لە کۆی ئەو زەویانەی کە دەکێڵدرێ هەڵبەت بە کەمن کردنی ئەو زەویانەی کە جوت بوون و یان دێمن ۰۰۰۶۰۸۶هەکتارە کە تەنیا ۰۰۰۰۰۱۱هەکتاری ئەو کشتوکاڵی میکانیزەیە کە بە پارچەکانی جۆراوجۆر دابەش بووە .بە پێ ئاماری ساڵی ۱۳٥٤ی هەتاوی ، ۷۷ ٪ی بەرهەمەکانی کشتوکاڵی کە هاتووتە بازار لە کێڵگەکانی بچۆك و مام ناوەندیە کە بە شێوەی کۆنی بەرهەم دێت و ئاودێری دەکرێ . تەنیا ٤لە سەدی ئەم جۆرە بەرهەمە کشتوکالیانە لە زەویەکانی گەورەیە کە بە شێوەیێکی میکانیزە کێڵدراون . بە لەبەر چاوگرتنی ئەمەی کە لە هەر هەکتار زەوی کشتوکڵی لە پەیوەندی لە گەڵ بەرهەمەکانی جۆربەجۆر و باش بوونی خاك ، داهاتەکانی جۆربەجۆر وە دەس دێت ( بۆ نموونە بە پێ ئاماری ساڵی ۱۳٥۷ی هەتاوی بەرهەمی برنج لە هەر

هەکتار ٢٧٧٠کێلوگرام بە نرخی ئەو ساڵ هەر کێلو ٧٥ ریاڵ لە هەر هەکتار زەوی ٢٠٧٧٥٠ ریاڵ داهاتوە دەس دێت و ئەم ڕادەیە بۆ نموونە بۆ مورەکەبات ٤٠٠٠ کێلوگرام _ کێلوێک ٢٥ ریاڵ _ ١٠٠٠٠٠ ریاڵ و پەموو ( لۆکە ) ١٧٠٠ کێلوگرام _ کێلوێک ٢٩ ریاڵ _ ٤٩٣٠٠ریاڵ و گەنم لە هەر هەکتار ٧١٨ کێلوگرام _ کێلوێک ١٤ ریاڵ _ ١٠٠٥٢ ریاڵە ) . بۆیە بۆ هەڵسەنگاندنی ریزبەندی چینایەتی لە لادێ چەنیەتی زەوی ناتوانێ تەنیا پێوانەی هەڵسەنگاندنی ئێمە بێت و داهاتی وە دەس هاتوو لە زەوی لە شوێنەکانی جۆراوجۆر دەبێ لە بەر چاو بگرین . لە بەر ئەوەی کە بۆ نموونە ٢ هەکتار یان زۆرتر زەوی لە ناوچەیێک بە لە بەرچاو گرتنی باش بوون و بە قوەت بوونی خاک و باران و بەس بوونی ئاو و جۆری بەرهەم هەتا لە گەڵ ١٠ هەکتار زەوی لە ناوچەکانی وشک و بێ بەش لە هۆکارەکانی باش یەکسانە . بۆیە بۆ روونتر بوونی ریزبەندی چینایەتی لە لادێ بینین و هەڵسەنگاندنەکانی زیندوی ناوچەیی پێویستە .

لێرەدا بە لەبەر چاوگرتنی ئامارەکانی بەر دەس و تاریفەکانی کە لینین سەبارەت بە ریزبەندی توێژەکان لە لادێکان هەیەتی ، ئەم توێژانە دەبینین :

١ _ پرولیتاریای لادێ

٢ _ جووتیارانی هەژار ( نیوە پرولیتر )

٣ _ جووتیارانی وردە پا

٤ _ جووتیارانی مام ناوەندی ( میانە حاڵ )

٥ _ جووتیارانی مورەفە ( ئاسوودە حاڵ )

٦ _سەرمایەدارانی زەوی یان بورژوازی لادێ

١ _ پرولیتاریای لادێ :پرولیتاریای لادێ پێش لە ریفورمی زەوی لە ساڵی ١٣٤١ خاوەن پێودانگ نەبووە و لە ساڵی ١٣٥٥ زۆرتر لە ٥٧٢٠٠٠بنەماڵەی وە بەر دەگرت . ئەمانە زۆرتر لە فرۆشتنی هێزی کاری خۆیان گوزەران دەکەن و بە شێوەی کرێکاری بەکرێ گیراو لە لایەن سەرمایەدارانی زەوی و خاوەن زەویەکانی گەورە و



ئاسوودە دەچەوسێندرێنەوە . بنەماڵەکانی ئەم توێژە پەیوەندیەکی ئەوتۆیان بە لادێ نیە و لە ساڵەکانی ئەم دوائیەدا ڕشادەیەکی زۆر لەوان هاتوونەتە بەرەو شارەکان .

٢ _ جووتیارانی هەژار ( نیوە پرولیتر ) : لینین دەڵێ :

"نیوە پرولیترەکان یان جووتیارانی بەربڵاو یانی ئەو کەسانەی کە بەشێک لە گوزەرانی خۆیان لە رێگای بەکرێگیراوی لە دامەزراوەکانی کشتوکاڵی و پیشەیی سەرمایەداری وە دەس دێنن و بەشێکیتر لە رێگای کار کردن لە پارچە زەویەکی خسوسی خۆیان یان زەوی بە کرێ کە تەنیا بەشێک لە بەرهەمەکانی پێویست بۆ خوراکی بنەماڵەی ئەو دابین دەکات . "

جووتیارانی هەژار یان نیوە پرولیتر نزیک بە یەک ملیون کەسن کە ٤٣٪ ی خاوەن زەویەکان پێک دێنن و ٤/٥٪ هەموو زەویەکانی کشتوکاڵی هینی ئەم توێژەیە . لە ٥ /٠ تا ٢هەکتار زەویان هەیە و نێوەنجی زەوی بۆ هەر بنەماڵە تەنیا دەگاتە ٨٢/٠ ی هەکتار . بەم جۆرە ئەم حەشیمەتە زۆرەی لادێ ناتوانێ لانی کەمی ژیان و گوزەرانی خۆی دابین بکات و مەجبوور دەبێ وەک کرێکاری بە کرێ گیراو و بەشلر هێزی کاری خۆی بە سەرمایەداران بفرۆشێ و پاش تەواو بوونی کشت و کاڵ لە سەر زەوی بچۆکی خۆی بۆ کار کردن بێتەوە بەرەو شارەکان . ئەم توێژە گەورەیە لە لایەن دەڵاڵەکان رباخورەکان ، جووتیارانی ئاسوودە ، سەرمایەداران و زەوی دارانی گەورە دەچەوسێندرێنەوە و قەرزەکانی دەوڵەتیش پێان نادرێت و لە هێندێک جار مەجبوور بوون بە قازانجی ٤٠٪ لە رباخورەکان قەرز وەربگرن . لە گەڵ گەشەی سەرمایەداری گرێدراو و پەرەگرتن و هاتنی ئەو بۆ ناو لادێ کە تەنانەت هێندێک پیشەکانی دەستی و ناوماڵیشی لە ناو برد ئەم توێژەی لە کارێکی یارمەتی دەر بۆ دابین کردنی ژیان و گوزەرانی خۆی بێ بەش کردووە . زۆربەی کۆچ کراوانی وەرزی بریتین لە بنەماڵەکانی ئەم توێژە لە جووتیاران . ڕادەیەکی زۆر کەم لە توێژی جووتیارانی هەژار و نیوە پرولیتر بە هۆی ریفورمی زەوی بوونە خاوەن

زەوی کە وردە وردە ئەوانیشیان لە دەس دا .بە پێ هەڵسەنگاندنێک لەم توێژە لە چوارمەحاڵی بەختیاری ،داهاتی ساڵانەی ئەوان لە کشتوکاڵ بە ٢/٣ هەکتار زەوی گەیشتووتە ٥٠٠٠٠ریاڵ و بە پێ هەر ئەم ئامارە ٩٠٪لە جووتیارانی کە کۆچیان کردووە و هاتوونەتە شارەکان لەم توێژە بوون . ( ژمارەکانی سەروە لەم بەشە و بەشەکانی‌تر تاکو فەسڵی "هەڵسەنگاندنی وەزعی خەباتگێرانەی جووتیاران پێش و پاش لە ڕاپەرین " لە خشتەکانی ژمارە ١ ، ٢لە لاپەرەکانی دوایە هاتووە . )

٣ _ جووتیاررانی وردە پا : لەم بارەوە لینین دەڵێ :

"جووتیارانی وردە پا یانی جووتیارانی وردە مالیك کە بە هۆی دارا بوونی پارچە زەویەکانی تا ڕادەیەک بچۆک کە بە هۆی مافی خاوەن مڵکایەتی یان بە کرێ گرتن لەوی ئیستفادە دەکەن ،پێویستیەکانی خۆیان و ئابووری خۆیان دابین دەکەن و بە کاری کەسانی‌تر بە کرێ ناگرن . "

جووتیارانی وردە پا کە لە ٢ تا ٥ هەکتار زەویان هەیە ٢٢٪ ی جووتیارانی ئێران پێک دێنن و ژمارەی بنەماڵەکانی ئەوان نزیکەی ٥٤٠٠٠ بنەماڵەیە ، ئەمانە نزیک بە ١٧٠٠٠٠ هەکتار زەوی کشتوکاڵی واتە ١٠/٥٪ی هەموو زەویەکان دەکێڵن و بە شێوەیەکی نێوەنجی هەر بنەماڵە خاوەن ٣/١ هەکتار زەویە . بەرهەمهێنانی ئەوان بە شێوەیێکی گشتی لە لایەن بنەماڵە ئەنجام دەدرێ ( نزیک بە ٩٥/٥٪ ) .

لە هێندێک شوێن کە زەویەکان باش و خاکەکەی بەرهەمی باش دەدات ، نزیک بە ٤/٥٪ی ئەمانە کرێکاری بە کرێ و بەشدار بە کار دەگرن . ئەم جووتیارانە دڵخۆشی زۆریان هەیە بە ئاو و خاکی لادێ .لە شوێنەکانی جۆراوجۆردا بە پێ جۆر و بەرهەمی زەوی بەشێک لەوان پێداویستیەکانی خۆ یان و بنەماڵەی خۆیان دابین دەکەن و بەشێکی‌تر لە دابین کردنی هەر ئەم لانی کەمی هەزینەی ژیانەیش بێ بەشن .بە پێ هەڵسەنگاندن لە چوارمەحاڵ بەختیاری کۆچ کردن لە نێوان ئەم توێژە تاکو ٥٪ ی کۆچ کراوەکانە ،و داهاتی ئەوانیش لە ٦هەکتار زەوی نزیک بە ٥٠ تا ١٠٠هەزار ریاڵ لە هەر ساڵ بووە .



٤ _ جووتیارانی مام ناوەندی ( میانە حاڵ ) :لینین لە بارەی ئەم توێژە لە جووتیارانە دەنووسێ :

"جووتیارانی میانە حال بریتین لە زەوی دارانی بچۆک کە زەویەکانی بچۆک بە پێ مافی خاوەن مڵکایەتی یان بە کرێ لە دەستیان دایە . بەلام سەرەرای ئەمە ، ئەم پارچە زەویانە یەکەم لە هەل و مەرجی سەرمایەداری وەک هەمیشە نە تەنیا هەزینەی کەمی بنەماڵەی ئەوان دابین دەکات بەڵکو بەوان ئەم ئیمکانە دەدات تاکو زیادەیەکی دیاریکراویش بە دەس بهێنن کە بتوانێ لانی کەم لە باشترین ساڵەکان ببێتە سەرمایەک ،هەروا ئەم ئیمکانە دەدات کە زۆر جار ( بۆ نموونە یەکێک لە هەر ٢ یا ٣ بنەماڵە )هێزی کاری کەسانی‌تر بە کرێ بگرن . "

جووتیارانی میانە حاڵ لە ئێران لە ٥ تا ١٠ هەکتار زەوی لە دەستیان دایە و بە گشتیدا ٤٢٠٠٠ بنەماڵەی جووتیاری واتە ١٧٪ پێک دێنن و بە ڕادەی نزیک بە ٣ ملیون کەس واتە ١٨٪ ی هەموو زەویەکانی کشتوکاڵی دەکێڵن . بە شێوەیەکی نێوەنجی هەر بنەماڵە خاوەن ٦/٨ هەکتار زەویە .سەرچاوەی ئەوان دەگەرێتەوە بۆ وردە مالیکەکانی پێشوو و هەروا خاوەن پێودانگەکان . بەرهەمی ئەوانیش بە شێوەیێکی گشتی لە لایەن بنەماڵە ئەنجام دەدرێ و ڕادەیێکی کەم لەوان لە شوێنەکانی لە بار کرێکاری بە کرێ و بەشدار دەچەوسێننەوە . سەرەرای ئەمەی کە هەزینەکانی ژیانی ئەم توێژە لە ڕێگای کشتوکاڵی دابین دەبێ ، زیادەیێکیش بە دەس دێنن .ئاستی داهاتی ئەوان لە شوێنەکانی جیاوازی وڵات و گۆنجاو لە گەڵ جۆری بەرهەم و باش بوونی زەوی فەرق و جیاوازیی هەیە دڵخۆشی و وابەستەگی ئەمانە بە زەوی زۆرە و حەزی زۆریان بە مانەوە لە لادێیە . پێشتر ڕاسپاردەکانی ڕەسمی و نارەسمی دەوڵەتی وەک کوێخا ،ڕاسپاردەی شرکەتی تەعاونی و . . . دەدرایە کەسانێک لەم توێژە .

٥ _ جووتیارانی مورەفە ( ئاسوودە ) : ئەم توێژە لە جووتیاران خاوەن ١٠ تا ٥٠ هەکتار زەوین ، بە حەشیمەتێک نزیک بە ٤٢٠٠٠ بنەماڵە واتە ١٧٪ ی هەموو

جووتیاران كە ڕەدەیەكی زۆر و بەرچاو لە زەویەكان دەكێڵن ، یانی نزیك بە ٧/٥ ملیون هەكتار كە بریتیە لە ٤٥/٥٪ ی هەموو زەویەكانی كشتوكاڵی . بە شێوەیكی نێوەنجی ١٧/٥هەكتار زەوی دەگاتە هەر بنەماڵەیكی ئەوان . ئەم توێژە خاوەن زێدە بەرهەمێكی زۆرن كە دەتوانێ ببێتە سەرمایە .كەڵك وەرگرتنی ئەمان لە ئامرازەكانی نوێی كشتوكاڵی زۆر زیادترە لە گروپەكانی پیش لە خۆیان و لە بەر خاتری مالیك بوونی زەوی زۆرتر لە ئیمكاناتی خزمەتگوزاری و ئیعتباری زۆرتر بەهرەمەندن .مندالآنی ئەمان بە گشتی لە شارەكان خەریكی خوێندنن و خۆیانیش لە گەل شار لە پەیوەندی نزیكن .ئەمان بە ئیستفادە لە بیرەكانی قووڵ و نیوە قووڵ ، ئامرازەكانی ماشینی و . . .سیستەمی كۆنی كەڵك وەرگرتن لە ئاو و خاك بە زەرەری جووتیارانی هەژار و وردە پا تێك دەدەن . ئەم جووتیارانە پێش لە ریفورمی زەوی پردێكی پەیوەندی بوون لە نێوان مالیك و رەعیەت و سەرەرای ئەمەی كە خۆیان لە مالیك زەوی بە كرێ دەگرتن ،لە لایەكی دیكەوە لە هەر ئەم زەویانە و زەویەكانی خۆیان رەعیەتەكان دەچەوساندنەوە . توێژێك لەم جووتیارانە كە زەویەكانی بەربلاوتریان هەیە زۆربەیان بە تراكتۆر جوت دەكەن و لە قۆناغەكانی پاوازی كێڵان و دروێنە كردنی زەوی زۆرتر كرێكار و بەشدار دەچەوسێننەوە .

٦ _ سەرمایەدارانی زەوی ، بورژوازی گەورەی لادێ : ئەم سەرمایەیە بەرهەمی كۆبوونی كلاسیكی سەرمایە نیە ، بەڵكو ئاكامی هێرشی سەرمایەی پاوانخوازی جیهانیە و بە پاڵپشتی شێوازەكانی سەدەكانی ناوەراستی زەوتی مڵكایەتی لە وردە مالیكەكان كە لە هێندێك جار بیرەوەری " دیوار چنین " زیندو دەكات ، هاتووتە ناو لادێكان و بە دوو شێوەی دەوڵەتی و خسوسی ( تایبەتی ) وجودی هەیە . لەو جێگایە كە بە هەر حاڵ ئەم دوو سەرمایەەی بە هەزارارن رشتە زنجیر پێكەوە گرێ دراون .ئێمە لێرەدا باس لە ڕۆڵی سەرمایەی گەورە بە شێوەی گشتی دەكەین .



ئەم سەرمایانە بە شێوەیكی ئەساسی لە سێ رێگای خوارەوە دزەی كردووتە ناو لادێكان :

١ _كشت و سەنعەتەكان و زەویەكانی میكانیزە كە بەشی دەوڵەتی یان هەموو سەرمایەدانانی ( وەك موغان )یان بەشێكی گەورەی ئەو لە گەڵ بەشی خسوسی ئەنجام داوە و بەم هۆیە بەرێوەبەرایەتی و بەرهەم هێنان بە تەواوەتی لە دەستی دایە .كرێكارانی كشتوكاڵی لە سەر ئەو زەویانە كار دەكەن .

٢ _ كۆمپانیاكانی بەشداری ( سەهامی )كشتوكاڵی كە وەك كشت و سەنعەتەكان مەیدانی زەوتی مڵكایەتی ئاشكرا و بێ پەردەی وردە ماڵكەكان لە لایەن دەوڵەت بوو و جووتیارانی كردە ئەو بەشدارانەی كە بەكردەوە هیچ جۆرە دەسەلآتێكیان بە سەر سەرمایەی خۆیان نەبوو . (بەرێوەبەرایەتی بە تەواوی دەوڵەتی و فەساد و بوروكراسی دەوڵەتی بە تەواوی حاكیم بوو ) .

٣ _ كۆمپانیاكانی هاوكاری ( تەعاونی )بەرهەم هێنان یان دەستەكانی بە كۆمەڵی بەرهەم هێنان بە دانی قەرز و بەشداری لە دەستەی كونترۆڵ ، بەرهەم هێنان و فرۆشتنی بەرهەمەكانی كشتوكاڵی لە دەستیدا بوو .

بورژوازی گەورە بە مەبەستی ئیستفادەی تەواو لە سەرچاوەكانی ئاو و خاك و سەرمایەدانان لە بەرهەمەكانی كشتوكاڵی نزیك بە بیست ناوچەی دیاری و دەس نیشان كرد و وەك " جەمسەرەكانی كشتوكاڵی " ناویان لێ دەبرد . زۆربەی سەرمایەدانانەكان كە ئاماژەمان پێان كرد لەم جەمسەرانە سەرف دەبوو . تایبەتمەندیەكانی جەمسەری كشتوكڵی بریتین لە : ١ ) بەرهەمی باشی خاك . ٢ ) دەشتی ساف و تەخت . ٣ ) رووبەری بەس . ٤ )وەزعی ناوچەیی گۆنجاو و باش لە ماوەیكی زۆر لە ساڵدا . ٥ )بەرزایی باش و گۆنجاو بە شێوەیك كە هەزینەكانی پومپاژی ئاو كەم بێت . ٦ )ئاوی شیرین بە برِی تەواو و بەس هەبێ .

بەم شێوەیە جەمسەرەکان دەبوایە سەرجەم ٤٣٤٠٧٠٠ هەکتار زەوی بوایە . سەرەرای ڕێگاکانی هاتوچوو کە لە بەرنامەکانی ئاوەدانکردنەوە دروست دەکران ، بە شێوەیکی تەواو لە گەڵ نەخشەی جەمسەرەکانی کشتوکاڵی ڕێک دەبوو . ئەم جەمسەرانە بریتی بوون لە :

| ژمارە | ناوی جەمسەر | ڕووبەری ناوچەی نەخشە | ڕووبەری جەمسەری کشتوکاڵی |
|---|---|---|---|
| ١ | شەبەکەی ئاودێری قەزوێن | ٢٦٠٠ | ٨٠٠٠ |
| ٣ | شەبەکەی ئاودێری سفید رود | ١٧٥٠٠٠ | ٢٨٠٠٠٠ |
| ٣ | شەبەکەی ئاودێری ورامین | ٣٠٠٠٠ | ٨٠٠٠٠ |
| ٤ | شەبەکەی ئاودێری گەرمسار | ١٤٠٠٠ | ٢٠٠٠٠ |
| ٥ | شەبەکەی ئاودێری زاینده رود | ١٠٠٠٠ | ١٠٠٠٠٠ |
| ٦ | شەبەکەی ئاودێری مەهاباد | ٦٠٠٠ | ٢١٠٠٠ |
| ٧ | شەبەکەی ئاودێری زرینه رود | ٣٠٠٠٠ | ٨٥٠٠٠ |
| ٨ | شەبەکەی ئاودێری گورگان | ٧٤٠٠ | ٢٤٠٠٠ |
| ٩ | شەبەکەی ئاودێری موغان | ١٨٠٠٠ | ٩٠٠٠٠ |
| ١٠ | شەبەکەی ئاودێری مەرودەشت | ١٥١٠٠٠ | ٤٢٠٠٠ |
| ١١ | شەبەکەی ئاودێری جیرۆفت | ٣٨٤٢١ | ١٨٣٩٣ |
| ١٢ | شەبەکەی ئاودێری کارون | ٤١٠٠٠ | ٣٨٠٠٠ |
| ١٣ | شەبەکەی ئاودێری کارون | ٢٣٠٠٠ | ٢١٥٠٠ |
| ١٤ | شەبەکەی ئاودێری میناب | ٧٠٠٠ | ٣١٥٠٠ |
| ١٥ | شەبەکەی ئاودێری ساوە | ٧٠٩٩ | ٢٠٥٠٠ |
| ١٦ | شەبەکەی ئاودێری ئەز | ٢٣٠٠٠٠ | ١٠٠٠٠٠ |
| ١٧ | شەبەکەی ئاودێری بەم پور | ١٣٩٥ | ٣٨٣٥ |
| ١٨ | شەبەکەی ئاودێری گولپایگان | ٢٣٠٠ | ٥٥٠٩ |
| ١٩ | ! نەخوێندرایەوە ! | ١٤٠٠٠٠ | ١٠٠٠٠٠ |



سیاسەتەکانی بۆژوازی گەورە بە شێوەیکی ئەساسی لە بەر بلاوکردن و پەرەپێدانی سەرمایەدانان لە واحیدەکانی گەورەی کشتوکاڵی بوو . بۆ نموونە لە بەشێک لە هەڵسەنگاندنەکانی سازمانی بەرنامە و بودجە لە کاروباری کشتوکاڵی لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی نووسراوە کە دامەزراندنی کشت و سەنعەتەکان بە شێوەیکی ئەساسی دەبێ بەربەست بکرێتە ناوچەکانی ئاوەدانکراو . ئەرکەکانی ئەوانیش بە شێوەیکی دیاریکراو دەبێ بۆ بەرهەم هێنانی ئەو بەرهەمانە بێت کە بۆ ئەوان دیاری کرایە و ئامادەن تاکو ئەنجامی بدەن . بە شێوەیکی گشتی زەویەکانی ژێر کشت نابێ لە ٢٠٪ی کشتی ئاوی ناوچەکانی ئاوەدانکراوی نوێ تێپەر بێت و سەرجەم ٢٠٠ تا ٢٥٠ هەکتار بێت . بۆ ئەوەی کە پەرەگرتنی سەرمایە لە کشتوکاڵ بە شێوەیکی ڕوونتر بەیان بکەین لە خوارەوە ئاماژە دەکەین بە هێندێک لە پلانەکانی پەسەندکراوی سندووقی پەرەپێدانی کشتوکاڵی کە لە ساڵی ١٣٤٩ی هەتاوی ئەنجام دراوە :

١ _دامەزراندنی کۆمپانیایەکی بریتی لە بانکی پەرەپێدانی سەنعەتی و کانگای ئێران و سندووقی پەرپێدانی کشتوکاڵی ئێران و بەرهەم هێنانی شیر .

٢ _دامەزراندنی کۆمپانیایەک بە بەشداری سندووقی پەرەپێدانی کشتوکاڵی و چیس مانهاتان بانک ( بانکی گروپی راکفلێر )و کۆمپانیای کامێلەند کۆک و گروپێک لە سەرمایەدانەرانی ئێران بە ئیستفادە لە ١٠٠٠٠ هەکتار لە زەویەکانی ژێر سەدی دێز .

٣ _دامەزراندنی دوو کۆمپانیای کشت و سەنعەت لە ناوچەکانی جیرۆفت و قەزوێن و چاککردنەوەی وەزعی پەیدا کردنی بازاری فرۆش و رەوانە کردنی بەرهەمەکانی کشتوکاڵی و ئاژەڵی لەم ناوچانە بە بەشداری بەشی خسوسی ( حاجی بەرخوردار و . . . )وەزارەتی ئاو و بەرق ( کارەبا ) ، سازمانی دەشتی قەزوێن و سندووقی پەرەپێدانی کشتوکاڵی . و سەدان دامەزراوە و کۆمپانیایتر کە بەناوبانگترینی ئەوان کشت و سەنعەتی نەراقی ( ژێر سەدی دێز ) ناسراوە بۆ

هه‌موو كه‌سێك .ئێستا ئێمه به له به‌رچاو گرتنی ئاماره‌كانی به‌رده‌ست له ٥٠ هه‌كتار بۆ سه‌ره‌وه به‌شێكی سه‌رمایه‌دانانی گه‌وره‌ی زه‌وی و مالیكه‌كانی گه‌وره ناو ده‌به‌ین . ئه‌مانه ( بورژوازی گه‌وره له گه‌ڵ مالیكه‌كان ( ئه‌ربابه‌كان ، خانه‌كان ، سه‌روك عه‌شیره‌ته‌كان و " سه‌رداره‌كان " ) به حه‌شیمه‌تێكی ٢٥٨٠٠ بنه‌ماڵه‌یی ، ١٪ ی هه‌موو خاوه‌ن زه‌ویه‌كان پێك دێنن كه خاوه‌ن ٢١/٥٪ ی هه‌موو زه‌ویه‌كانی كشتوكاڵی واته ٣/٥ملیون هه‌كتار زه‌وین و به‌شێك له‌وان مالیكه‌كانی ٥٠ تا ١٠٠ هه‌كتار به شێوه‌یكه نێوه‌نجی خاوه‌ن ٦٦هه‌كتار زه‌وین و به‌شێكی‌تر له ١٠٠ هه‌كتار بۆ سه‌ره‌وه كه ٠/٤ ٪ ی خاوه‌ن زه‌ویه‌كان پێك دێنن ، به شێوه‌یكی نێوه‌نجی ٢٥٥/٥ هه‌كتار به هه‌ر بنه‌ماڵه ده‌گات و توێژه‌كانی جیۆراوجۆری لادێی ده‌چه‌وسێننه‌وه . هه‌تا زه‌ویه‌كانی ئه‌مانه له هێندێك‌ناوچه‌كان وه‌ك توركمه‌ن سه‌حرا زۆرتر له ٨٠٠٠ هه‌كتاره ( له كتێبی "ژیان و خه‌باتی خه‌ڵكی توركمه‌ن " ناوی ١٠٦ كه‌س له‌م خاوه‌ن زه‌ویانه كه زه‌ویه‌كانیان له نێوان ٣٠٠ تا ٨٠٠٠هه‌كتاره و كۆی زه‌ویه‌كانی ئه‌وان ١٥١٠٠٠ هه‌كتاره ، هاتووه ) . زۆربه‌ی ئه‌م كه‌سانه له هه‌مان ئه‌ربابان و سه‌ركرده‌كانی ده‌وڵه‌تی و ئه‌رتشیه‌كان بوون كه زه‌ویه‌كانی توركمه‌نه‌كانیان داگیر كردوون . سه‌رمایه‌دارانی زه‌ویه‌كان له گه‌وره مالیكه‌كانی پێش له ریفورمیش ریشه‌یان هه‌یه .ئه‌وان كه زه‌ویه‌كانی جۆراوجۆریان به شێوه‌ی میكانیزه ( یان به‌م ناوه ) به زور له جووتیاران داگیر كردوون . (له به‌ر ئه‌وه‌ی كه زه‌ویه‌كانی میكانیزه تا ٥٠٠ هه‌كتار دابه‌ش نه‌ده‌كران . )كشت و سه‌نعه‌ته‌كان كه نزیك به ٢٣٨٠٠٠ هه‌كتار له باشترین زه‌ویه‌كانیان به ئیمكانات و ئامرازه‌كانی حازر و ئاماده ده‌بردنه ژێر كشت . به پێ ئاماری ده‌وڵه‌تی تاكو ساڵی ١٣٥٦ای هه‌تاوی ، ٢١٣ واحیدی كشت و سه‌نعه‌ت چالاكیان هه‌بووه .له خواره‌وه وه‌زعی یه‌كێك له گه‌وره‌ترینی ئه‌م كۆمپانیانه ، كشت و سه‌نعه‌تی مۆغان ،ده‌خه‌ینه به‌ر هه‌ڵسه‌نگاندن .

یه‌كه‌م جار له ساڵی ١٣٢٨ی هه‌تاوی به پێ په‌سه‌ندكراوی هیئه‌تی ده‌وڵه‌ت ( ئه‌نجوومه‌نی وه‌زیران ) نزیك به ٣٤٠٠٠ هه‌كتار له زه‌ویه‌كانی ده‌شتی مۆغان كه



به‌شێك له زه‌ویه‌كانی ئازاد بوو و مه‌ڕ و ماڵاته‌كانی شاسه‌وه‌نه‌كان له‌وێ ده‌له‌وه‌ڕان درایه سازمانی به‌رنامه و كۆمپانیای " شیار " ی ئازه‌ربایجان دامه‌زرا كه كار و چالاكی خۆی به كڕینی هێندێك ماشین و كه‌ل و په‌لی كشتو كاڵی ده‌س پێكرد و ده‌ستی دایه كشوكاڵی ده‌یمی و پاشان به پۆمپ كاری ئاودێریی ئه‌نجام دا . رووبه‌ری یه‌كه‌می كێڵاو ٤٠٠٠٠ هه‌كتار له ساڵی ١٣٣٢ی هه‌تاوی بوو كه به‌م شێوه‌یه ئاودێریی گه‌یشته ١٨٤٠٦ هه‌كتار ( له ساڵی ١٣٣٨ ) كۆی گشتی سه‌رمایه‌دانان له به‌رنامه‌ی یه‌كه‌م و دووهه‌م و سێهه‌م تاكو كۆتایی ساڵی ١٣٤٤ له هه‌ر بارێك گه‌یشته ١١٨٢ ملیون ریاڵ ( ١٦ ملیون دولار ) . ژماره‌ی بنه‌ماڵه‌كانی جووتیاران له‌م ساڵه ١٤٣٢ بنه‌ماڵه بوو ( ١٦٢ بنه‌ماڵه هه‌ر كام ١٢ هه‌كتار و ٧٧٠ بنه‌ماڵه هه‌ر كام ٦ هه‌كتار ) .ژماره‌ی بنه‌ماڵه‌كانی كرێكار و خزمه‌تگوزاری و خۆش نشین ده‌گه‌یشته ٢٥٠٠ بنه‌ماڵه و حه‌شیمه‌تی نیشته‌جێ كراو نزیك به ٢٠٠٠٠ بنه‌ماڵه بوو . به‌رهه‌می ناپه‌تی به‌رهه‌مه‌كانی كشتوكاڵی له ساڵی ١٣٤٥ نزیك به ٢٠٠ ملیون رێاڵ بووه كه داهاتی ناپه‌تی هه‌ر بنه‌ماڵه‌یه‌كی جووتیاری خاوه‌ن ٦ هه‌كتار زه‌وی ٦٥٠٠٠ رێاڵ بووه . به دوای سیاسه‌ته‌كانی سه‌رمایه‌دانانی ده‌وڵه‌تی پێش له ساڵی ١٣٥٠ای هه‌تاوی پلانێك بۆ ٣٥٠٠٠هه‌كتار كه هه‌موو رووبه‌ری ده‌شتی موغانی وه به‌ر ده‌گرت ، ره‌چاو كرا . به‌م شێوه‌یه كه ٩٠٠٠٠ هه‌كتار له‌م زه‌ویانه بدرێته شركه‌ته‌كانی به‌شداری كشتوكاڵی و رێكخراوی كشت و سه‌نعه‌ت و بكێلدرێت . ئاماری ره‌سمی نیشانی ده‌دا كه ٢٥٪ له كۆی گشتی زه‌ویه‌كان ناكێلدرێت . یه‌كه‌مین شركه‌تی به‌شداری كشتوكاڵی له موغان له ساڵی ١٣٥٠ له ٣٩٠٧ هه‌كتار ده‌ستی به كار كرد و تاكو ساڵی ١٣٥٣ گه‌یشته ٨ شركه‌ت و له ساڵی ١٣٥٦ به ٩ شركه‌ت كه ٤٢٠٠٠ هه‌كتار له زه‌ویه‌كان له سنووری كار و چالاكی ئه‌م شركه‌تانه‌ن . ژماره‌ی به‌شداران له‌م شركه‌تانه ٣٩٦٦ بنه‌ماڵه و ژماره‌ی به‌شه‌كان ٢٣٣٢٧٩ و سه‌رمایه‌ی یه‌كه‌می شركه‌ته‌كان ٢٣٣٢٧٩٠٠٠ رێاڵ بوو و نزیك به ٢٦٠٠٠ هه‌كتاریان برده ژێر كشت ، كۆی ئاژه‌ڵه‌كانی شركه‌ته‌كان ٢١٠٠٠ سه‌ر كاور و ٢١٠٠٠ سه‌ر مانگا و گامیشه . پلانی

سەرەتایی ناوچەی موغان پێش لە دامەزرانی شرکەتی بەشداری کشت و سەنعەت و ئاژەڵداری موغان لە لایەن ئەندازیارانی راوێژکاری " هاوائین ئەگرنومێکز ئینترناشناڵ " سەرەرای رێککەوتننامەیەکی ۲٤٥٦۲۹۰۰۰ریاڵی کە لە گەڵ رێکخراوی بەرنامە و بودجە لە ساڵی ۱۳٥۱ ئامادە کرابوو ، وهەر ئەم گروپە لە گەڵ هاوکاری ئێرانی خۆیان بە ناوی " ئەگرنومێک "کاری لێکولینەوە و پێداچوونەوەی ورد و ئامادە کردنی پلانەکانی ئیجرایی و چاودێری بە سەریاندا ئەنجام دەدەن . حەق دەسی نەدراو بە ئەندازیارانی راوێژکار تاکو کۆتایی ساڵی ۱۳٥٥ گەیشتە ۱۰٦۰۱۹۱۰۲۹ ( یەک ملیارد و . . . ) ریاڵ واتە نزیک بە ۱۸/٥٪ لە کۆی گشتی ئەو بودجەیە کە تاکو کۆتایی ساڵی ۱۳٥٥ تەرخان کرابوو .تەواو بودجەکەی کشت و سەنعەت تاکو کۆتایی ساڵی ۱۳٦۱ ۲۷۸۸۹۰۰۰۰۰۰ ( ۲۷ ملیارد و . . . ) ریاڵ دیاری کرابوو کە ٥۷۲۰٦٦۲۰۰۰ ( ٥ ملیارد و . . . )ریاڵی ئەو تاکو کۆتایی ساڵی ۱۳٥٥ تەرخان کرابوو .

شرکەتی سەهامی کشت و سەنعەت سەداسەد دەوڵەتی بوو و بەشدارانی ئەو بریتی بوون لە وەزارەتخانەکانی کشتوکاڵ و ئاوەدانکردنەوەی لادێی ، سەنعەت و کانگاکان ،کاروباری ئابووری و دارایی و رێکخراوی بەرنامە و بودجە . زەویەکانی باخ و باخاتی ئەو ٦۰۰۰ هەکتار بوو کە ۱۲۰۰هەکتاری ئەو بە شێوەی ئاودێری دڵوپەیی ئاودێری دەکرا کە پاش هەڵگرتنی بەرهەمەکان ۲۰۰هەزار تەن میوەی رەوانەی بازار دەکرد . ئەم شرکەتە ۱۷۳ فەرمانبەر و ۲۸٥۹ کرێکاری تەواو کاتی هەبوو و قەرار وا بوو تاکو ساڵی ۱۳٦۱ ژمارەی کرێکارانی تەواو کاتی بگاتە ٦۲۳۰ کەس .

شرکەتەکانی بەشداری کشتوکاڵیش کە ژمارەیان دەگەیشتە ۹۳ دانە ، نزیک بە ٤۰۱۰۰۰هەکتار لە زەویەکانیان وە بەر دەگرت .ئەم شرکەتانە کە بە رواڵەت ناوی " سەهامی "لە سەریان دانرا بوو لە راستیدا لە سەر ئەساسی زەوتی خاوەن مڵکایەتی لە وردە ماڵیکەکان لە لایەن بورژوازی گەورە پێکهاتبوون . چونگە یەکەم بەشداری لە شرکەت مەجبووری بوو و دەوڵەت سەرەتا لە هەموو فت و فێڵێکی مومکین کەڵکی وەر دەگرت و لە کۆتاییدا و لە کاتێکدا کە جووتیار قبووڵی



نەدەکرد بە یارمەتی گرتن لە تووندترین شێوەکانی سەدەکانی ناوەراست ( ئەشکنجە دانی وەحشیانە ) ئیمزایان پێ دەکرد . هەروا سەرەرای یاساکانی دژی فرۆشتنی سەهام بە مەبەستی بە رواڵەت بەرگری لە کۆبوونی بەشەکان ، پرۆسەی جیا کردن و جیاوازی چینایەتی لەم شرکەتانە بە ئاشکراترین شێوەی مومکین خۆی نیشان دەدات .لە خوارەوە بۆ نموونە لێکدانەوەی ئاماری لە سەر دوو شرکەتی سەهامی کشتوکاڵی ئەنجام دەدەین ( سەرچاوەی زانیاریەکان " شرکەتەکانی بەشداری کشتوکاڵی "لە زنجیرە لێکۆڵینەوەکانی لادێی رێکخراوە ) .

شرکەتەکانی بەشداری کشتوکاڵی باغین ( کرمان ) ساڵی دامەزران ۱۳٤۷ بە حەشیمەتێکی نزیک بە ۱۰٤٦ بنەماڵە بریتی لە چارو ، ئیبراهیم ئاباد و دووهۆئیە . زەویەکانی لە ژێر کشت ۹٥۰ هەکتار ، زەویەکانی شیاوی کێڵان ٥۰۰۰ هەکتار ( هەڵبەتە باخەکانی پستە ( فستق ) ی ئەم لادێانە هینی شرکەت نین ) . دارائیەکانیتر بریتین لە : ۱۰ دانە تراکتۆر ، دوو تاکو سێ دانە کامپا ( کۆمباین ) موور ، وەرشەی مەکینەکانی کشتوکاڵی و دامەزراوەکانیتر . سەنعەتەکانیتر برتین لە : ئاژەڵداری و قالی چنین .

پێکهاتی خاوەن سەهامەکان ( بەشداران ) :

۱/۸٪ _ بەشداران _ ( ۲ کەس ) _ هەر کام زۆرتر لە _ ٤۳۲ بەش

۷/۲٪ _ بەشداران _ ( ۸ کەس ) _ هەر کام لە نێوان ۱۲۰ تاکو ۲۸۸ بەش

۹۱٪ _ بەشداران _ ( ۱۰۰ کەس ) _ هەر کام لە نێوان ۳۰ تاکو ۹٦ بەش

هەروا هەموو بەشداران تەنیا ۱۰٪ی بنەماڵەکانی باغین پێک دێنن ( بە ووتەیەکیتر ۹۰٪ خۆش نشینن ) .

ئەم رێژەیە نیشاندەری ئەم راستیەیە کە توێژێکی بچۆک لە دانیشتوانی لادێ لە باری ماڵی ئاسوودەن و وەزعیان باشە و یان مام ناوەندین ( ۱۰٪ ) کە لەم ژمارەیە نزیک بە ۸٪ی ئەوان ( نزیک بە ۰/۸٪ ی هەموو بنەماڵەکانی لادێ ) جووتیارانی ئاسوودە و ئەوانیتر ( نزیک بە ۹/۲٪ )جووتیاری مام ناوەندین . ئەفرادیتری لادێ

جگە لە چەند کەسێکی دوکاندار ،پرولیتاریا و نێوە پرولیتاریای لادێن .(لاپەرەکانی ١٠٦ تاکو ١١٦ ) .

شرکەکەتەکانی بەشداری کشتوکاڵی دەرگەزین ( هەمەدان ) پێکهاتوو لە سێ لادێ بە ناوەکانی دەرگەزین ، نەوار ، نیگی قەڵعە کە پێکەوە نزیک بە ٨٠٠ بنەماڵە حەشیمەتی هەیە و لە ساڵی ١٣٤٧ دامەزراوە . هەمووی زەویەکان ٣٠٠٠ هەکتار .

| ژمارەی بەشەکان | ژمارەی بەشداران | ڕێژەی بەشەکان لە سەداسەد |
|---|---|---|
| کەمتر لە ٢٠ بەش | ١٠٠ کەس | ٢٤ |
| ٤٠ _ ٢٠ // | ٢١٧ // | ٥١/٥ |
| ٦٠ _ ٤٠ // | ٦١ // | ١٤/٥ |
| ١٠٠ _ ٦٠ // | ٣٠ // | ٧/١ |
| ٥٠٠ _ ١٠٠ // | ١٠ // | ٢/٣ |
| ٦١٧ // | ١ // | ٠/٢ |
| ١١١٨ // | ١ // | ٠/٢ |

بە واتایەکی‌تر ٢/٧٪ ی بەشداران ٢٥٪ بەشیان هەیە . هەروەها بەشداران بە بەشی کەمتر لە ١٥ بەشی ٧٤٪ ی داهاتیان ٢٠ _ ١٥ بەشی ٥٢٪ ، بەشدارانی ٢٩ _ ٢٠ بەشی بەشی ٤٢٪ ی و زۆرتر لە ٤٠ بەشی ٣٩٪ ی داهاتیان لە کار کردن لە ڕێگاری کرێکاریە . ( لاپەرەکانی ١٢٣ تاکو کۆتایی هەر ئەو کتێبە ) .

## پاشماوەی کاردانەوەکانی دەرەبەگایەتی

ووتمان کە پەرەساندن و گۆڕینی پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان لە ئێراندا بە شێوەیەکی خاو و " لە سەرەوە " ئەنجامی گرت . بە واتایەکی‌تر کاردانەوەکانی دەرەبەگایەتی بەرە بەرە و هێدی هێدی جێگای خۆی دایە پەیوەندیەکانی سەرمایەداری و هەروا ئەم پرۆسەیە بەردەوامە . بە سەرنجدان بەمەی کە فاکتۆری ئەساسی لە پەیوەندیەکانی دەرەبەگایەتی قازانج وەرگرتنی ڕێژەیی بەرهەم هێنەر لە بەرهەمی کاری خۆی ( بە شێوەی " بەش هەڵگرتن " ) ە ، مانەوە و بەردەوامی ئاوا پەرێوەندیانەی لە کۆمەڵگا دەبێ لە سەر ئەساسی ڕادەی هەبوونی ئەوان هەڵسەنگێنین . ئاشکرایە کە لە سەر ئەساسی ئاوا مانەوەیێک ،



پەیوەندیەکانی سەرخانی هاوئاهەنگ لە گەڵ ئەویش بە ڕادەیێکی یەکجار زۆرتر و بەربلاوتر درێژە بە مانەوەی خۆیان دەدەن . بۆ نموونە کاری بێ حەق دەس یان بێگاری کە یەکێک لە شێوەکانی قازانج وەرگرتنی دەرەبەگایەتیە هێشتا کە هێشتایە بە هێندێک شێوە باوە . لە ئوستانی ( پارێزگای ) خوراسان کە باخاتی میوە زۆرە ، لە هێندێک ناوچەکان ئەو جووتیارلەی کە لە سەر زەوی وردە ماڵیکەکان کار دەکەن و لە بەرهەمی زەوی بەشێک بە پێ ڕەسمی ناوچەکە هەڵدەگرن ، ئاودێری ، وەجین پێمەرە لێدان و کارەکانی‌تری باخاتی وردە ماڵیکەکان بە بێ وەرگرتنی هیچ بەشێکی تایبەتی ئەنجام دەدەن . ڕەسمی ناوچەکە ئەم جۆرە کاری بێ حەق دەسە یان بێگاریە وەک مافی بە تەواوی سرووشتی بۆ وردە ماڵیکەکان دەزانێ و پێشێل کردنی ئەو وەک پێشێل کردنی ڕەسمی ناوچەکە مەحکووم دەکات . و بەڵام سەبارەت بە " بەش هەڵگرتن " یان ئەو جۆرەی کە لە هێندێک لە ناوچەکان ڕەسم وایە " نیوە کاری " یەکێک لە شێوەکانی دابەشکردنی زەوی لە یاساکانی ریفورمی زەوی ڕێژیمی شا دابەشکردنی زەوی بە نیسبەتی هۆکارەکانی بەرهەم هێنان بووە لەو جێگایە کە بەشی جووتیاران لە پارچەکانی زەوی وردە ماڵیکی ( و بە تایبەت مڵکەکانی ئەوقافی ) پاش دابەشکردن زۆر بچۆک بوو و بە کردەوە تەنانەت بۆ کار کردن لە کێڵانی ئەو سەرفی نەدەکرد (و لە هێندێک جار ئەوەندە زەوی دوور و ئاویش کەم بوو کە تەنانەت ئاو بۆ گەیشتن بە زەوی بەس نەبوو ) ، جووتیاران بۆ بژیوی خۆیان دیسان دێن بۆ لای ئەرباب و لە گەڵ ئەو لە سەر کاری تازە ڕێک دەکەون ، بەم جیاوازیە کە لە ڕێککەوتنی تازە بەشی ئەوان لە بەرهەم زۆرتر بوو (بە شێوەیەکی گشتی بە جێگای ١/٣ ی بەرهەمەکە ١/٢ دەبوو و بەم هۆیە بە " نیوە کاری " ناسرا ) . هەروەها لەو کاتانەیش کە رووبەری زەوی ئەوەندە بوو کە لانی کەمی بژیوی بنەماڵەی جووتیاری دابین دەکرد ، لەو جێگایە کە جووتیاران سەرمایەی سەرەتایی بۆ دەس پێکردنی کار و هەزینەی یەک ساڵی یەکەمی خۆیان نەبوو ڕازی بوون بە کار کردن بۆ ئەرباب هەر بەو شێوەی بەش

هەڵگرتن ( نیوە کاری )و بۆ ساڵەکانیتریش هەروا درێژە بەم وەزعە دەدرا .
بەرچاوترین نموونەکانی ئەم شێوە کار کردنەلە ناوچەکانی قەراخ کەویر دەبینین ( بڕواننە کتێبی " بنە " نووسینی جەواد صەفی نەژاد ) ئەم نموونانە بە تایبەت لە ئوستانەکانی خوراسان ، کرمان ، سیستان و بەلوچستان ، یەزد ، مەرکەزی و سەمنان زۆرە .وەک نموونە لە کرمان پاش ریفورمی زەوی ماڵیک مافی پێودانگی هێدێک لە جووتیارانی کڕی واتە بە هەر کام لەوان ٢٥٠ تاکو ٣٧٥ مەتری مورەبەع زەوی دا کە جووتیاران ئەم زەویانەیان کرە باخی بچۆک و وەک پێشوو بۆ ماڵیک کاریان دەکرد ( ٢/٣ بۆ ماڵیک ، ١/٣ بۆ جووتیار ) .هەروەها بەش هەڵگرتن هەتا لە ئەو ناوچانەی کە پەیۆەندیەکلی سەرمایەداری بە تەواوی لەوێ رخنەی کردوویە درێژە بە مانەوەی خۆی دەدات . بۆ نموونە لە تورکمەن سەحرا نە تەنیا لە مەزراکانی بچۆک بەڵکو لە مەزراکانی بە رووبەری تاکو ٥٠٠ هەکتاریش وجودی هەیە ( بە گشتی لە زەویەکانی پەمۆ کێڵان ) . سەرنج ڕاکێشترین نموونەی پاشلوەکانی کاردانەوەی دەرەبەگایەتی دەتوانین لە شرکەتەکانی بەشداری کشتوکاڵی ببینین .بۆ نموونە لە پێداچوونەوەکانی کە لە سەر شرکەتەکانی بەشداری کشتوکاڵی داریۆش لە ناوچەی فارس نزیکی مەرودەشت لە لایەن ڕێکخراو کرا ، ئەم شرکەتە کە ١٤٥ کەس لەوێ بەشدارن و ١٧٠٠ هەکتار زەوی دەکێڵدرێت بەرهەم هێنانی تا رادەیەک لە سەیفی کاریەکان وەک بەرهەم هێنانی خەیار و تەماتە و هیتد . . .دەداتە نیوەکارانی یەزدی و ئیسفەهانی ، بەم شێوەیە کە ئاو و زەوی و پەین لە شرکەتە و کار و توو لە نیوەکاران و بەرهەمیش دوو بەش دەکەن . لەو ناوچنەیش کە جووتیاران زۆر نەدار بوون و سەرمایەی سەرەتایی بۆ دەس پێکردنی کار بە دوای دابەشکردنی زەویان نەبوو لە گەڵ ماڵیکەکان ڕێککەوتن کە بە هەمان شێوەی باو ( " بەش هەڵگرتن " ) بەردەوام بن لە سەر کار لە سەر زەوی ( خوراسان ) .



بە لە بەرچاو گرتنی ئەمەی کەکۆی گشتی زەویەکانی کێڵدراوی گروپەکانی کشت و سەنعەت و شرکەتەکانی بەشداری کشتوکاڵی نزیك بە ٦٣٩٠٠٠ هەکتار دەبێ و هەموو زەویەکانی زۆرتر لە ٥٠ هەکتار دەگاتە ٣٥٢٦٦٠٣ هەکتار ، بە توزێك نزیك کردنەوە و لەو جێگایە کە هێشتا ئاماری ورد و دەقیق لە هەموو زەویەکانی گەورە کە پەیۆەندیەکانی سەرمایەداری بە سەریاندا زاڵە لە بەر دەستمان نیە ، ئاوا بیر دەکەین کە پاشماوەی ئەم زەویانە واتە ٢٨٨٧٦٠٣هەکتار زەویەکانی گەورە بن کە کاردانەوەکانی دەرەبەگایەتی لە ئەوان وەك خۆی ماوەتەوە . . .

## خشتەی ژمارەی یەك

| ڕووبەری زەوی ( هەکتار ) | ژمارەی بنەماڵە | ڕادە لە سەدا سەد | ڕووبەر بە هەکتار | ڕادە لە سەدا سەد | تێکڕای زەوی بۆ هەر بنەماڵە |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| ٠/٥ - ١ | ٨١٠٥٦٠ - ٧٣٤٢٧٤ | ٣٢ - ٣٠ | ٣٥٩٨٨٧ | ١/٥ | ٠/٣٥ |
| ١ - ٢ | ٣٤٤٦٢٠ - ٣٢٢١٩٢ | ١٤ - ١٣ | ٤٤٣٦٧٥ | ٣ | ١/٣ ( ٠/٨٢ ) |
| | ١٠٥٦٤٦٦ | | | | |
| ٢ - ٥٠ | ٢٥٣٣٠٠ - ٥٤١٥٩٢ | ١٠ - ٢٢ | ١٧٣٢٨٦٨ | ١٠/٥ | ٣/١ |
| ٥ - ١٠ | ٥٣١٩٣٠ - ٤٢٧٩٣٤ | ٢١ - ١٧ | ٢٩٥٣٤٤٧ | ١٨ | ٦/٨ |
| ١٠ - ٥٠ | ٤٠٥٢٨٠ - ٤٢٨٠٧٤ | ١٦ - ١٧ | ٧٥٠٠٧٤١ | ٤٥/٥ | ١٧/٥ |
| ٥٠ - ١٠٠ | ١٠١٣٢٠ - ١٦٢٦٩ | ٤ - ٠/٦ | ١٠٧٣٦٩٧ | ٦/٥ | ٦٥/٩ |
| ١٠٠ بۆ سەرەوە | ٧٦٠٩٠ - ٩٥٥٣ | ٣ - ٠/٤ | ٢٤٥٢٩٠٦ | ١٥ | ٢٥٥/٥ |
| | | | ٣٥٢٦٦٠٣ | | |
| **كۆی گشتی** | ٢٤٧٩٨٨٩ | ١٠٠ | ١٦٤١٧٢٢١ | ١٠٠ | |

# خشتەی ژمارەی دوو

| ڕووبەری زەوی ( هەکتار ) | بەرهەم هێنانی پەخش و بە گشتی لە لایەن ئەندامانی بنەماڵە: ژمارەی بنەماڵ | بەرهەم هێنانی پەخش و بە گشتی لە لایەن ئەندامانی بنەماڵە: ڕادە لە سەدا سەدا | بەرهەم هێنانی بە گشتی لە لایەن کرێکاری بەکرێ و بەش هەڵگر: ژمارەی بنەماڵە | بەرهەم هێنانی بە گشتی لە لایەن کرێکاری بەکرێ و بەش هەڵگر: ڕادە لە سەدا سەدا | کۆی گشتی: کۆی گشتی بنەماڵ | کۆی گشتی: ڕادە لە سەدا سەدا |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٠/٥ - ١ | ٧٠٤٩٠٢ | ٩٦ | ٢٩٣٧٢ | ٤ | ٣٤٢٧٤ | ١٠٠ |
| ١ - ٢ | ٣٠٩٣٠٤ | ٩٦ | ١٢٨٨٨ | ٤ | ٣٢٢١٩٢ | ١٠٠ |
| ٢ - ٥ | ٥١٦٢٨٠ | ٩٥/٥ | ٢٥٣١٢ | ٤/٥ | ٥٤١٥٩٢ | ١٠٠ |
| ٥ - ١٠ | ٤٠٩٧٩٣ | ٩٦ | ١٨١٤١ | ٤ | ٢٧٩٣٤ | ١٠٠ |
| ١٠ - ٥٠ | ٣٩٦٦١٧ | ٩٢/٧ | ٣١٤٠٢ | ٧/٣ | ٢٨٠٧٤ | ١٠٠ |
| ٥٠ - ١٠٠ | ١٠٢٥٠ | ٦٣ | ٦٠١٩ | ٣٧ | ١٦٢٦٩ | ١٠٠ |
| ١٠٠ بۆ سەرەوە | ٣٤٣٩ | ٣٦ | ٦١١٤ | ٦٤ | ٩٥٥٣ | ١٠٠ |







بە تێڕوانینێکی نە ئاوا قووڵ بە لادێکان ( بە هۆی لە بەر دەست نەبوونی سەرچاوەکان و مەجاڵی تەواو ) پێش لە ڕاپەڕین دەبینین کە کەمتر دەتوانین شاهیدی ئەوە بین کە لادێکان گۆڕەپانی پەیکاری چینایەتی تووند لە نێوان جووتیاران و ڕێژیمی شا یان " ڕەعیەتەکان " و " ئەربابەکان " بن ( لە بەر ئەوەی کە پاشماوەی کاردانەوەی دەرەبەگایەتی وجودی هەبوو ) . زۆربەی هەرە زۆری هەست و شور و تینی خەباتگێرانەی جووتیاران و بە گشتیدا دانیشتوانی لادێکان لە بەر پێی وردە بورژوازی شاری بە ڕێبەرایەتی پیاوە ئایینیەکان سەرف دەبوو . بەشێکی بەرچاو لە ریزەکانی پێکەوە گرێدراوی ڕێپیوانەکانی شارەکان لە لایەن دانیشتوانی ستەم لێکراو یان " خوازیاری زانین " پێک دەهات و ئەگەر کرێکاران لانی کەم لە خەباتی ئابووری مۆر و نیشانی خۆیان لە سەر بزووتنەوە لێدەدان ، لە مۆر و نیشانی چینایەتی جووتیاران لە جووڵانەوەی نارەزایەتی و خەباتەکانی شۆڕشگێرانەی دانیشتوانی لادێکان کە گۆڕەپانی گشتی ئەو شارەکان بوو ، کەمتر جێگا پێیەک دەبیندرێ .زۆربەی ئەو داخوازیانەی کە لەم خۆپیشاندان و ڕێپیوانانە گەڵاڵە دەکرا داخوازی دیموکراتیکی هەموو گەل بوو کە لە لایەن وردە بورژوازی گەڵاڵە دەکرا. زۆر کەم لە داخوازیەکانی جووتیاران لەم جووڵانەوانە دەبیندرێ ( مەهاباد ١٣٥٧/٨/١ ڕێپیوانی ٢٥٠٠ کەسی و ١٣٥٧/٨/٦ ڕێپیوانی ٢٠٠٠٠ کەسی ) . تەنیا لەو جێگایە کە پەرەساندنی پەیوەندیەکانی سەرمایەداری بە شێوەیەکی ئەساسی و بنەڕەتی سیما و رووخساری لادێکانی گۆڕیوە و زەوتی مڵکایەتی بە توونددترین شێوەکان ئەنجام دراوە (تورکمەن سەحرا و کشت و سەنعەتەکان بە گشتیدا ) نیشانەکانی بەرچاو لە خەباتی دانیشتوانیلادێکان دەتوانین ببینین . *

{* ئابەشکردنی سامان و کەلوپەلی شرکەتی ( ٣ شرکەت ) بەشداری کشتوکاڵی فیروزئاباد ( فارس ) ١٣٥٧/١٠/٢٠ .

- رێپیوانی ۲۰۰۰۰کەسی دانیشتوانی لادێەکانی نزیک قەزوێن بە دروشمی پێویستی دانی زەویەکانی دەوڵەتی بە جووتیاران و دانی دروشم دژی رێژیمی شا ۱۳۵۷/۱۰/۳۰ .
- ئاگر دانی ماتورەکانی چالە قووڵەکان کە خاوەنی هەژبەر یەزدانی بوو لە دەشتی ئامان ئاباد ( ئەراک )لە لایەن دانیشتوانی لادێەکان ۱۳۵۷/۷/۲۹
- رێپیوانی ۲۰۰۰ کەسی دانیشتوانی ٥٤ لادێی سنووری کاری شرکەتەکانی بەشداری کشتوکاڵی " شاهین " و " کەیوان " لە دەوروبەری سەرپوڵی زەهاب ( قەسری شیربن ) بە داخوازی " ئێمە شرکەتی کشتوکاڵیمان نایەوێ " و "زەویەکانی ئێمە پێمان بدەنەوە " لە رێکەوتی ۱۳۵۷/۷/۱۳
- و لەوانەیە بە دلنیائیەوە بتوانین بڵێن کە یەکەمین و بەرچاوترین جوولانەوەی دانیشتوانیلادێەکان زەوت و دەس بە سەر داگرتنی ۵۰۰ هەکتار زەوی لە دێی " حاجی بەیک پاشانی " لە سەرەتای وەرزی کێڵی بەرهەمی پائیزان بوو کە ئەگەر چی بووە هۆی زیندانی بوونی ٤۲ کەس لە دانیشتوانی لادێەکان ، بەلام جوولانەوە ڕانەوەستا و زەوی لە لایەن جووتیاران جوت کرا و کێڵدرا .لە جوولانەوەکانیتری بەرچاو لەم ناوچەیە خۆپیشاندان و رێپیوانی ۵۰۰۰ کەسی لە ۱۳۵۷/۸/۸ بوو . دروشمەکانی زەحمەتکێشانی تورکمەن بە باشی داخوازیەکانی سەربەخۆی ئەوان ڕادەگەێنێ : " شا تۆ دەکوژین " ، "زەویەکانی داگیر کراو وەر گرنەوە " ، " چەوساندنەوە لە ناو بچێ ،زەحمەتکێش سەرکەوتوو بێ " .
- چوارشەممە ۱۳۵۷/۸/۳ ژمارەیەکی ۸۷۰۰ کەسی لە فەرمانبەرانی کشت و سەنعەتی ئەهواز مانی خواردنیان گرت تاکو لە مانی خواردنی نوێنەرانی خۆیان پشتیوانی بکەن .فەرمانبەرانی ئەم کۆمەڵە بۆ ماوەی یەک مانگ بوو کە مانیان گرتبوو . چەند کەس لە نوێنەران ڕایان گەیاندبوو کە زۆرتر لە ۱۲۰۰۰هەکتار لە زەویەکانی ژێر کشتی قامیشی شەکر بە هۆی



ئاودێری نادروست لە لایەن مەعمورەکان لە ناو چووە . مودیری گشتی شرکەتیش ڕاێگەیاندبوو کە بۆ دانی داخوازی و خواستی فەرمانبەران بودجەیێک لە بەر دەستی نیە .

روونکردنەوە _سەرچاوەی هەموو ئەم خەبەرانە ڕۆژنامەکانی رەسمی و بە تیراژی سەرەوەی ( کەیهان ، ئیتلاعات و . . . هیتد ) ە ، جگە لە بابەتی تورکمەن سەحرا کە لە وت و وێژ و هەروا کتێبی " ژیان و خەباتی خەڵکی تورکمەن "کەڵکی لێ وەر گیراوە . } .

ئەمەی کە بۆ چی جووتیاران ( جووتیارانی هەژار ، مام ناوەندی ، ئاسوودە ) لە ڕەوتی ڕاپەرلارین چالاک نەبوون ،هۆی زۆری هەیە کە هێندێک لەوان بریتین لە :

۱_سەرکوتی وەحشیانە و سیستەماتیکی رێژیم بە تایبەت لە ناوچەی تورکمەن سەحرا و شارەکانی باکوور ( گیلان و مازەندەران )کە مێژووی خەبتی پرشنگدار و دوور و درێژ بە تایبەت لە دەێی ۲۰ یان هەبووە و لە ساڵەکانی ۵۰ پەیوەندیەکی هەر چەند کەم لە نێوان بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و خەباتەکانی خۆبەخۆیی ئەوێ دامەزرا بوو .

۲_ئاستی تا رادەیەک نزمی تێگەیشتنی کۆمەلانی لادێی بە تایبەت لە ناوچەکانی ڕۆژهەلات و باشووری ولات و پەیوەندی لاوازی روشنبیرانی شۆرشگێر لە گەڵ ئەوان .

۳ _نەبوونی متمانە بە نیسبەت رێبەرایەتی بزووتنەوە . ئەم نەبوونی متمانەیە ریشە لە هەڵویستەکانی رێبەرانی بزووتنەوە لە ڕەوتی ریفورمەکانی زەوی رێژیمی شا لە ساڵی ۱۳٤۱ی هەیە ( مەسەڵەی " شەرعی نەبوون "ی ریفورمەکانی زەوی ) . هەروەها تەبلیغاتی بەربلاوی رێژیمی شا چ دژی پیاوە ئاینیەکان و چ بە قازانجی ریفورمەکانی زەوی لەم ماوەیە کاردانەوەی بەرچاوی لە سەر بیر و زەینی جووتیاران هەبوو .

٤ _و له کۆتاییدا دەبێ سەرنج بدەینە تەعسیراتی باشی ئەم ریفورمە کە بووەتە هۆی پەرەساندنی پەیوەندیەکانی سەرمایەداری و سیما و رووخساری لادێەکانی گۆریوە .بە تایبەت کە هێشتا لە زۆربەی لادێەکان تەعسیراتی وێران کارانە و پیس و خراپی سیستەمی سەرمایەداری بە ئاشکرایی خۆی نیشان نەدابوو . هەر ئەم وەزعە بووە هۆی ئەوەی کە لە زۆربەی شارەکان ( سونقور ، کرماشان ، کرمان ، بووکان ، خوی ، خورەم شەهر ، خورەم ئاباد ، ئورومیە ، نەجەف ئاباد و . . . هیتد )رێژیمی شا بتوانێ کۆمەڵانی تێنەگەیشتووی دانیشتوانی لادێەکان وەک داربەدەستانی خۆی بۆ سەرکوتی خەباتی کۆمەڵانی خەڵک بەسیج بکات . لە ئاوا بارودۆخێک لە خەباتی دانیشتوانی لادێەکان و بە تایبەت جووتیاران بوو کە ڕاپەرینی خۆجوشی ڕێبەندانی ١٣٥٧ رووی دا ،رێژیمی سەڵتەنەتی نوێنەری بورژوازی گەورە رووخا و سەرکردەکانی کۆماری ئیسلامی گەیشتنە دەسەڵات . زۆربەی دانیشتوانی لادێەکان کە بە ناباوەری تماشای گۆرینی دەسەلات و گۆزرانی ئینتقاڵی ئەو بە سەرکردەکانی کۆماری ئیسلامی بوون وەک توێژ و چینەکانیتر لە ژێر تەعسیری تەبلیغاتی پیاوە ئایینیەکان و رێبەرانی بورژوازی شاری سەبارەت بە ئەم فیکریەتە کە حکومەت خواستەکانی ئەوان لە بەرچاو دەگرێ ، بە شێوەیەکی کاتی چاوەرێ گۆرانکاریەکانی ئیحتماڵی بوون و بە گشتی بەم خێاڵە کە دەوڵەت لە داخوازیەکانی ئەوان ئاگادار نیە دەستیان دەدایە ناردنی نامە و تەلەگراف بۆ کاربەدەستانی بەرزی دەوڵەتی ،ڕۆیشتن بۆ لای پیاوە ئایینیەکان و لە کۆتاییدا چاوپێکەوتن لە گەڵ ئایەتوڵلا خومەینی و گەلاڵە کردنی داخوازیەکانیان . بۆ نموونە ئێمە لە ١٢٣ جار کردەوە کە لە ٦ مانگی یەکەمی ساڵی ١٣٥٨ ئاگاداری بووین ٤٧ جاری ئەو ناردنی تەلەگراف و نامە و یان دەرکردنی ڕاگەیاندراو ، بەیاننامە و گەلاڵە کردنی داخوازیەکانی خۆیانە ( ٣٨/٢٪ ) .

ووتنی ئەم نوکتەیە پێویستە کە ئەگەر لە زۆربەی ناوچەکانی ئێران دانیشتوانی لادێەکان چاوەرێی کردەوەکانی دەوڵەت هەبوون ، بەڵام ئەم وەزعە بۆ هەموو



شوێنێک وەک یەکتر نیە .بەرچاوترین بابەتی جیاواز لەم ئسڵە گشتیە تورکمەن سەحرایە کە هەتا لە ووتی ڕاپەرینیش دانیشتوانی لادێەکانی ئەم ناوچەیە ئاستێکی بەرز لە توانای خەباتگێرانەی خۆیان نیان دا : زەوت کردن و دەس بە سەر داگرتنی مڵکەکانی خاوەن زەویە گەورەکان ، سەرکردەکان و فەرماندەکانی ئەرتش و کاربەدەستانی پلە بەرزی دەوڵەتی لە لایەن " شووراکانی جووتیاری " . لە سەرەتاکانی ڕەشەمە "کانونی فەرهەنگی و سیاسی خەڵکی تورکمەن " بە دەرکردنی ڕاگەیاندراوێک دامەزراندنی خۆی ڕاگەیاند . لە ناوەراستی مانگی ڕەشەمە لە ١٠ناوچەی لادێی شووراکانی جووتیاری پێکهات و توزێک پاش ئەوە لە ١٣٥٧/١٢/٢٥ " ستادی مەرکەزی شووراکانی تورکمەن سەحرا " بە مەبەستی خوارەوە و بە کردەوە حکومەتی شووراکانی لە ناوچەی تورکمەن سەحرا ڕاگەیاند :

ڕاگەیاندراوی ژمارە ١ _داخوازیەکانی خەڵکی تورکمەن

١ _پێک هێنانی شووراکانی شۆرشگێر لە رێگای دەنگدانی ئازادانەی خەڵکی تورکمەن بۆ دیفاع لەمافەکانی ڕەوای هەموو خەڵکان و وەدی هێنانی " خواستی زەحمەتکێشانی شار و لادێ " .

٢ _دابەشکردنی زەویەکانی خێڵی نەفرەت لێکراوی پەهڵەوی و داگیرکەرانیتری زەوی لە نێوان جووتیارانە بێ زەوی لە ژێر چاوەدێری شووراکانی جووتیاری .

٣ _ لابردنی هەموو قەرزەکانو بەڵێنی ماڵی کرێکاران ، جووتیاران ، سەنعەتکاران ،فەرمانبەرانی پلە نزم بە بانکەکان و دامەزراوەکانی ماڵی و . . .

٤ _لابردنی بەربەستەکانی میللی و فەرهەنگی ، ئەسپاردنی قازانجەکانی خەڵکی تورکمەن بە دەستی خەڵکی تورکمەن کە دەبێ خۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکات و لە چوارچێوەی ئێرانێکی ئازاد و یەک پارچە بە شێوەیەکی تەواو لە ئازادیەکانی فەرهەنگی ،مەزهەبی و ئازادیەکانیتر بەهرەمەند بن .

٥ _ . . .

٦ _ئەرتشی خەڵکی دەبێ بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی شۆڕش و دیفاعی میللی لە هێزەکانی شۆڕشگێر دامەزرێ و سەربازان و ئەفسەرانی تورکمەن دەبێ تا ئەو جێگایە کە دەکرێ لە تورکمەن سەحرا خزمەت بکەن .

٧ _ دەبێ دادگاکانی شۆڕشگێر پێک بێت و . . .

٨ _ئێمە هەر جۆرە پاوانخوازی و دانانی کەسەکان لە سەر کارەکان بە بێ هەڵبژاردن بە توندی مەحکوم دەکەین و بڕوامان بە ئەمەیە کە هەر خەڵکێک مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی لە پەیوەندیەکی هاو هەنگاو و برایانە لە گەڵ خەڵکانی‌تر هەیە و بڕوامان بەمەیە کە هەڵبژاردنی بە تەواوی ئازاد دەبێ لە پەر ئەساسی هەڵبژاردنی نوێنەران و بەرێوەبەران لە هەموو ئیدارات و دامەزراوەکانی‌تر بێت .

" ستادی مەرکەزی شووراکانی تورکمەن سەحرا " ١٣٥٨/٨/١٥

بەرێوەچوونی راستەوخۆی ئیرادەی جووتیاران و زەحمەتکێشانی لادێ و شار و هەڵویستی شۆڕشگێرانەی ستادی شووراکان لە بەرانبەر مەسەڵەی زەوی و جێبەجێ کردنی ریفورمەکانی دیموکراتیک و شۆڕشگێرانە لە لایەن ئەو ، خاوەن زەویەکانی گەورە و داگیرکەرانی پێشووی زەوی و نوێنەرانی فیکری ئەوانی بە توندی خستە جم و جۆڵ .نیوەی دووهەمی مانگی ڕەشەمە ئەم هەولانە گەیشتە ئەوپەری خۆی .

"ئامانجی سەرەکی هەموو ئەم هەولانە ئەوە بوو کە بە پێچەوانە نیشاندانی ئامانجەکانی خەڵکی تورکمەن و سوود وەرگرتن لە جیاوازیەکانی میللی و مەزهەبی لە نێوان تورکمەنەکان و دانیشتوانی غەیری تورکمەنی ناوچەکە ( بە تایبەت لە گونبەد ) زەمینەی سەرکوتی کۆمەلانی تورکمەن و هێزەکانی پێشکەوتوو فەراهەم بێت " (ژیان و خەباتی خەڵکی تورکمەن ، لاپەرەی ٥٤ ) . " لە مانگی ڕەشەمە کۆمەڵێک لە ئاخوندەکانی دواکەوتوو و پارێزگار و تێنەگەیشتووی تورکمەن ( هاوکارانی ئانا قلیچ نەقشبەندی ) ، کانونی فەرهەنگی و ئیسلامی خەڵکی تورکمەنیان دامەزراند . . . " (هەر ئەو سەرچاوە ) . "لە گەل مانگرتنی کۆمەڵێک



لە خاوەن زەویەکان لە دادگوستەری ( ٥٧/١٣٨/١٢/٢٠ ) چالاکی ئاشکراتری دژی شۆڕش لە تورکمەن سەحرا دەستی پێکرد . . . و بەو وەعد و بەڵێنانەی کە هەیئەتی ڕاسپێردراو لە لایەن دەوڵەت بۆ ناوچەی تورکمەن سەحرا دایە خاوەن زەویەکان ،ئەوانیش کۆتائیان هێنایە مانگرتنی خۆیان .هەڵسوکەوتی ئەم هەیئەتە لەناوچەکە هاندەری خاوەن زەویەکان بۆ چالاکی و جم و جۆڵی زۆرتر بوو و بە توندی خەڵکی تورکمەنی بە نیسبەت سیاسەتەکانی دەوڵەت و کومیتەکانی ئیمام لە بەرانبەر مەسەڵەی تورکمەن سەحرا و زەویەکانی داگیرکراو بەدبین کرد . بە تایبەت کە سەفەری ئەم هەیئەتە هاوکات بوو لە گەڵ فرینی فرۆکەکانی شەڕکەری فانتۆم بە سەر ئاسمانی تورکمەن سەحرا . شێوەی هەڵسوکەوتی هەیئەت لە گەڵ مەسەڵەی کە سەبارەت بە ئەو وت و وێژ دەکرا و هەروەها هەڵسوکەوتەکانی نادروستی کە لە گەڵ خەڵکی تورکمەنی بوو بە توندی بووە هۆی رق و بێزاری زۆرتری خەڵک .خەڵک کە بە توندی لەم کردەوانە وەزاڵ هاتبوون هەیئەتیان چەک کرد " (هەر ئەو سەرچاوە ) . کارەکانی دوایی هەیئەت ، تەبلیغاتی ڕاگەیێنەرە گشتیەکانی کۆماری ئیسلامی و پیلانگێریەکانی‌تر وەک هێرش بۆ سەر ژمارەیەک لە دانیشتوانی بەندەری تورکمەن لە رێکەوتی ١٣٥٧/١٢/١٩ کە بووە هۆی بریندار بوونی ١٣ کەس ،لە کۆتاییدا ئەو وەزعەی خۆڵقاند کە " شەڕی ٩ ڕۆژە "ی بە سەر خەڵکی تورکمەن داسەپاند .شەڕێک کە بووە هۆی زەرەر و زیانی زۆری گیانی و ماڵی بۆ خەڵکی تورکمەن .

کۆتایی سەرکەوتووانەی شەڕ کاریگەری یەکجار زۆری لە سەر ورەی خەباتگێرانەی زەحمەتکێشانی تورکمەن و کرێکاران و جووتیاران و زەحمەتکێشانی‌تری ناوچەکانی‌تری ئێران بە جێ هێشت و بووە هۆی ئەوەی کە لانی کەم بەرێوەچوونی ئیرادەی ڕاستەوخۆی زەحمەتکێشانی تورکمەن لە ناوچەکە جێ بکەوێ . ( بە دروستی کە دەبێ بە تەواوی سەرنج بدەینە کاریگەری باشی ئەم سەرکەوتنە لە سەر فیکریەتی دواکەوتووانەی جووتیاران و وشیار کردنی ئەوان و نیشاندانی هێزی

ئەوان . )بەڵام پیلان و هەوڵدان بۆ سەرکوتی بزووتنەوەی تازە سەرهەڵداو و شۆرشگێرانەی جووتیاران بە دوای ڕاپەرین لە هەموو شوێنێك لە پرۆسەیەکی یەك جۆر پەیڕەویی نەدەکرد .لە ناوچەکانی‌تری کە پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان نیشاندەری پاشماوەکانی کردەوەکانی دەرەبەگایەتی بوو و ئاستی رێکخستنی جووتیاران بە هەمان ڕادەیە نزمتر لە ناوچەی تورکمەن سەحرا بوو ( چونکە بە هۆی کشتی میکانیزە و بەربڵاو و بوونی کرێکاری لادێ ،زەمینەی رێکخستن و یەکگرتنی دانیشتوانی لادێەکان زۆرتر فەراهەم بوو ) خاوەن زەویەکانی گەورە و دەرەبەگەکان و بەکرێگیراوان و ڕاسپاردەکانی ئەوان لە بوشایی دەسەڵات ئیستفادەیان کرد و دەستیان دایە سەرکوت کردنی جووتیاران و تاڵان و دەرکردنی ئەوان لە‌ماڵ و خانوو و زەویەکانیان .ناوچەی ئورومیە لە بەرچاوترین نموونەکانی ئەم وەزعە بوو . پەیوەندی نزیک لە نێوان " کومیتەکانی ئیمام " ی ناوچەکانی " تەرگەوەر " و " مەرگەوەر " و " سوما برادۆست " لە گەڵ دەرەبەگەکان و کورەکانی عەشیرەتەکانی ناوچەکە دەستی ئەم دەرەبەگانەی بۆ تاڵانی جووتیارانی ئەم ناوچەیە بە تەواوی ئاواڵە هێشت .بە شێوەیەك کە هەنا شەپۆڵی نارەزایەتی ئەم زەحمەتکێشانە کە بە شێوەی مانگرتنی چەند هەفتەیی ( لە ڕۆژی ۱۳۵۸/۱/۱۵ ) ەوە بە دواوە لە بەرانبەر شارەوانی ( شارداری ) ئورومیە خۆی نیشان دابوو نەوانی دەسکەوتێکی باشی هەبێ و جووتیارای ئاوارە و دەر کراو بە داخوازیەکانی خۆیان کە لە بەیاننامەیەکی هەفت مادەیی ڕایان گەیاندبوو و بریتی بوو لە " گەرانەوە بۆ لادێەکان و بـو سەر ماڵ و حاڵی خۆیان " ، " قەرەبووی زەرەر و زیانەکان " ، " دانی زەویەکانی کێڵدراو بە ئەوان " ، " پالاوتنی کومیتەکان لە وجودی ئەربابەکان ( دەرەبەگەکان ) " و " پێك هێنانی دەستەکانی چەکداری پارێزگاری لە شۆرش لە خۆدی جووتیاران بە مەبەستی پاراستنی ناوچەکە " بوو ، دەترسان .جگە لەم مەوردانە دەتوانین لە دەورەی یەکەمی پاش لە ڕاپەرین تاکو هێرش بۆ سەر ماف و ئازادیەکانی دیموکراتیك بە دەورەی متمانە و ئیعتماد کردن



بە دەسەڵات و حکومەت و داواکردنی مافەکانی خۆ لە ئەو بە شێوەی گەلاڵە کردنی داواکاریەکان و هەوڵدان بۆ گەیاندنی دەنگی خۆ بە گوێی سەرکردەکانی کۆماری ئیسلامی و تەنانەت خومەینی ناوی لێ ببەین . گرێنگترین داخوازیەکانی جووتیاران دەتوانین بە شێوەی خوارەوە دەستەبەندی بکەین :

_زەوت کردنی زەوی ۲۰ کەرەت

_پێك هێنانی شوورا ۱۰ کەرەت

_لابردنی قەرزەکان و . . . ۱۷ کەرەت

ئەو شتەی کە شایانی باسە ئەوەیە کە ئەم داخوازیە رەنگدانەوەی فشاری ماڵی بانکەکان و دامەزراوەکانی ماڵی دەوڵەتی و خسوسی وردە ماڵیکەکان نیشان دەدات . چونکە یەکەم :گەلاڵە کردنی ئەم دروشمە لە لایەن رێکخراوی ئێمە هەر زۆر بە خێرایی و بە بەربڵاوی پەرەی گرت و دانیشتوانی لادێەکان بە خێرایی ئەویان وەرگرت و وەك داخوازی ئەسڵی خۆیان زانیان . دووهەم ئەوەی کە : زۆربەی ئەو بەیاننامانەی کە ئەم داخوازیانە لەواندا هاتبوون ، لە ناوچەکانی گیلان و مازەندەرانە ( و شوێنەکانی‌تر )ی کە زۆربەی زۆری ئەوان وردە ماڵیکی بوون یان ئێستایش هەروا بەرێوە دەچن .ئاشکرایە کە لە زۆربەی جارەکاندا جووتیاران لە ڕەوتی خەباتی خۆیان و بە تەجرووبەی ڕۆژانەی خۆیان ( لە پەیوەند لە گەڵ هێزەکانی تێگەیشتوو و شۆرشگێر )ئاگاداری بێ توانایی و رازی نەبوون و گوێ نەدانی دەسەڵات و حکومەتسەبارەت بە وەڵامدانەوە بە داخوازیەکانی خۆیان بن و خۆیان راستەوخۆ دەست بە کار بن .وەك دوو مەوردی بەرچاوی خوارەوە :

۱ _ دامەزراندنی شووراکانی جووتیاری ۱٤ کەرەت ( لێرەدا هەموو شووراکانی دامەزراو لە ناوچەی تورکمەن سەحرا _ کە خۆیان بریتی بوون لە ۲۸۰ شوورای پیکهاتوو لە ۲۵ ئیتیحادیەی لادێئیە _ وەك مەوردێك لە بەرچاو گیراوە ) .

۲ _جێبەجێ کردنی کاری زەوت کردنی زەویەکانی ماڵیکەکان و خاوەن زەویەکانی گەورە ، ۱۲ کەرەت .

لەم نێوانەدا سەرەرای تورکمەن سەحرا ،دامەزرانی شووراکانی جووتیاری و زەوت کردنی زەویەکانی دەرەبەگەکان و گەورە ماڵیکەکان لە ناوچەی کوردستان زۆر جا روو دەدات .لە زۆربەی شارەکانی ئەم ناوچەیە ( سنە ، کامیاران ، کرندی غەرب ( کرن ) ، مەریوان ، مێاندوئاو ، ئورومیەو ، سەقز ، بۆکان ، مەهاباد . . . ) جووتیاران و زەحمەتکێشانی رێک خراو ، زەوت کردنی زەویەکان و ریفورمەکانی دیموکراتیکی زەویان بە ئەستۆ گرت .سەرنج ڕاکێش ئەوەی کە لە هێندێک جار ( و نە تەنیا لەم ناوچەیە بەڵکو لەو ناوچانەی کە لە بواری تێگەیشتن لە ئاستێکی نزمتر بەهرەمەندن ، وەک کرمان )جووتیاران تەنیا رازی دەبنە زەوت کردنی زەوی و بەرێوەبردنی کاروباری لادێ ( ئابووری ، سیاسی ، پارێزگاری و . . . هیتد ) بە ئەستۆ دەگرتن و بە تایبەت ئەوەی کە داواکاری ئەسپاردنی کاروباری پارێزگاری کردن لە ناوچەکە بە ئەستۆی دامەزراوە دیموکراتیکەکانی خۆیان بوون و ئەمە خۆی نیشانەی ئاشکرا و بەرچاوی جێ بە جێ کردنی دیکتاتۆری چینایەتی ئەوان بوو کە خەباتی سیاسی ( ئاشکرا کردن ، تەبلیغ و . . . هیتد )دژی دەرەبەگەکان و خاوەن زەویە گەورەکانی ناوچەکەی بە هیچ شێوەیەک بە بەس نەدەزانی ، داواکاری دەرکردنی ئەوان و پارێزگاری کردن لە زەویەکانی خۆیان بە شێوەیەکی چەکدارانە بوون . ئێمەشاهیدی نموونەی تا ڕادەیەکی تەواوی ئەو لە مەوردەکانی خوارەوە بووین :

بەیاننامەی ئیتیحادیەکانی جووتیاری

تیلەکۆ _ مێرە دێ _ خۆر خۆرە

دەفتەری ئیتیحادیەکانی جووتیاری سەقز لە ڕۆژی ١٣٥٨/٤/١١ لە سەقزدا دامەزرا . لەم کۆبوونەوەیەدا ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی لادێکان و زەحمەتکێشان و بازاریەکان و فەرمانبەران و گروپەکانی سیاسی بەشداریان کرد ، و بەیاننامەی خوارەوەیان پەسەند کرد :

بسم الله الرحمن الرحیم



١ _ئیتیحادیەکانی جووتیاری گرێنگترین ئورگانی جێبەجێکەری کاروباری ئابووری ، سیاسی ،فەرهەنگی و پارێزگاری و ئاوەدانکردنەوەیە ،لە دەوڵەتی کاتی داواکارین کە لە هەموو زەمینەکانی پەیوەندیدار بە دانیشتوانی لادێکان تەنیا لە گەڵ ئیتیحادیەکانی جووتیاری قسە و وت و وێژ بکات .

٢ _حەڵی مەسەڵەی خۆدموختاری بە ڕای ئیتیحادیەکانی جووتیاری لە کوردستان کە وەک نوێنەری زۆربەی خەڵکی ناوچەی کوردستانە ، چارەسەر دەکرێ .

٣ _ئیتیحادیە لەو بڕوایە دایە کە شێوەی ئەمنیەتی ناوچەکە لە لادێکان تەنیا بە پێکهێنانی هێزەکانی چەکداری ناوچەیی بە سەرپەرشتی و تەعیدی شووراکانی جووتیاری مومکین دەبێ و هێنان و جێگیر کردنی هەر هێزێکیتر لە ژێر ناوی ئەمنیەت و ئاسایشی ناوچەکە رەت دەکاتەوە و بڕوامان بەوەیە کە ئەرتش تەنیا ئەرکی پاراستنی سنوورەکانی بە ئەستۆیە و هیچ مافێکی بۆ دەس تێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی وڵات نیە .

٤ _ دەر کردنی قیادەی موەقەت . . .

٥ _ئیتیحادیە بە ڕاشکاوی خوازیاری بەشداری هەموو نوێنەرانی دانیشتوی لادێ لە مەجلیسی موئەسیسان و دارشتنی یاساکانی مەملیکەتیە . . .

٦ _ئێمە پشتیوانی و هاوپشتی تەواو خۆمان لە ئیتیحادیەکانی جووتیاری هەموو ناوچەکانی کوردستان بە تایبەت ئیتیحادیەکانی جووتیاری " بێڵە وار " ی کامیاران ، مەریوان ، " ئالان " ی سەردەشت ، " حامی کەند " ی بۆکان ، و " ئەمتیش " ی مەهاباد ڕادەگەێنین .

ئاوا ئاستێکی بەرزی خەبات و ئاستی بەرزی داخوازیەکانی چینایەتی بوو کە کۆماری ئیسلامیی هاندا تاکو ناوەرۆکی دژی گەلی خۆی بە تەواوی نیشانی خەڵک بدات و فەرمانی جیهاد دژی گەلی کورد دەر بکات و لە زەوی و ئاسمان خەریکی بومباران و سەرکوتی ئەو بێت .ئاشکرا بوو کە بەم ئاستە لە خەبات ئیمکانی سەرکوت و خەفە کردنی حەق خوازی شۆرشگێرانەی دانیشتوانی لادێکان خەیاڵێکی زۆرتر نیە

و بەم هۆیە بوو کە ئەگەر چی خەباتی شۆرشگێرانەی جووتیاران لە هەموو ناوچەکان تەنانەت لە کوردستانیش بە شێوەیەکی کاتی دابەزی بەڵام هەر زوو و لە کۆتائیەکانی مانگی خەرمانان بۆ جارێکیتر بەرز بووەوە و بە بڵاوبوونەوەی تەبلیغاتی بەربڵاوی رادیو و تەلەفزیون لە بارەی ئیمپریالیزمی ئامریکا و ئاشکرا کردن دژی لیبراڵەکان و دەوڵەتی کاتی ( بە دوای گرتنی باڵوێزخانەی ئامریکا ) خەبات و جێبەجێ کردنی شۆرشگێرانەی داخوازیەکان زۆر پەرەی گرت . بە شێوەیەك کە بە پێ هەڵسەنگاندنەکانی ئێمە ژمارەی جارەکانی زەوت کردنی شۆرشگێرانەی زەویەکان لە ١٢ جار لە ٦ مانگی یەکەم بە ٤٦ جار لە ٦ مانگی دووهەمی ساڵی ١٣٥٨ گەیشت ( نزیك بە ٤ بەرانبەر )و ژمارەی شووراکانی دامەزراو لە ١٤ دانە بە ١٩ دانە گەیشت .ئێستا ئەگەر لە بەرچاو بگرین کە بە دوای هێرش بۆ سەر کوردستان نووسینگەی ڕۆژنامەکانی شۆرشگێر کەوتنە بەر فشار و یان بە تەواوی داخران و بەم هۆیە ئیمکانی هاتنی ڕاستەوخۆی شۆرشگێران بەم نووسینگانە و هەواڵنێری بە ڕادەی پێش لە ٢٧ی گەلاوێژی ١٣٥٨ نەبوو و لە ئاکام دا ژمارەی جوولانەوەکانی نووسراو لە ڕۆژنامەکانی شۆرشگێر دابەزی ، تێدەگەین کە کار و چالاکی ڕاستەوخۆی دانیشتوانی لادێەکان و بە تایبەت جووتیاران لە چ ئاستێکی بەرز بووە .ووتمان کە بە ئاشکرا کردنی دەوڵەتی کاتی لە لایەن " دانشجووەکانی پەێرەوی خەتی ئیمام "و پەرە گرتن و بڵاوبوونەوە و ریشەدار بوونی ئەو لە لایەن رێکخراوەکانی شۆرشگێر و کۆمۆنیستی ،ئیعتمادی و متمانەی کۆمەلانی خەڵك بە نیسبەت دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی بە رادەیەکی بەرچاو دابەزی و هەر ئەم شتە زەمینەیەك بوو بۆ پەرە گرتنی کار و چالاکی راستەوخۆی دانیشتوانی لادێەکان . نیشانەیکیتری ئاشکرای ئەم بێ ئیعتمادیە دابەزینی ژمارەی ڕاگەیاندراوەکان و دەرکردنی بەیاننامەکانی دانیشتوانی لادێەکان بۆ گەلاڵە کردنی داخوازیەکانیان بوو ( ٩ جار لە ٦مانگی دووهەم بە جێگای ٢٢ جار لە ٦ مانگی یەکەم ) . هەروەها ناردنی نامە و تەلەگراف بۆ دەوڵەت لە ٢٥ جار بە ٤ جار گەیشت . خراپ نیە ئەگەر



لێرەدا ئاماژە بەم شتەیش بکەین کە بە دوای ئەو ڕێپیوانانەی کە لە تاران و شارەکانیتر بەرەو " لانەی سیخۆری "و یان گۆرەپانەکانی شارەکان دەکرا ، لە شێوازی نارەزایەتیەکانی دانیشتوانی لادێەکانیش ڕێپیوانەکان پەرەی گرت و زۆرتر بوو ( ١٠ جار لە بەرانبەر ٣ جاری ٦ مانگی یەکەم ) . لە گەڵ هەڵبژاردنی بنی صدر بە سەروك کۆماری و بە گشتیدا هاوکات لە گەڵ دیاریکردنی وەزعی دەوڵەت و هاوکات لە گەڵ روون بوون و جێگیر بوونی حکومەت ، هێرشی سیستەماتیك و بەردەوام دژی دەسکەوتەکانی جووتیاران و بە تایبەت ئەو ناوچانەی کە مەسەڵەی میللیش لایەنێکیتری داخوازیە دیموکراتیکەکانی ئەوان بوو ، دەستی پێکرد . داسەپاندنی شەڕی تورکمەن سەحرای قارەمان لە مانگی رێبەندان ( کە هاوکات بوو لە گەڵ تیروری وەحشیانە و ترسەنۆکانەی رێبەرانی خەڵکی تورکمەن ) ، داگیر کردنی " ستادی شووراکان "و ڕاگەیاندنی هەڵوەشاندنەوەی ئەو ، هێرش بۆ سەر شووراکان و دەسگیر کردن و ئەشکنجە دان و کوشتنی رێبەرانی ئەو ،داگیر کردنی سەر لە نوێی زەویەکانی زەوت کراو لە لایەن زەحمەتکێشانی تورکمەن ،هەموو و هەموو لە بەر خاتری تێك شکاندنی خەڵکی تورکمەن و جووتیاران و زەحمەتکێشانی دانیشتوی لادێەکان بوو .

ئەگەر چی کردەوەکانی وەحشیانەی دەوڵەت توانی بە ڕواڵەت ئورگانی بەرزی جێبەجێ کردنی ئیرادەی خەڵکی تورکمەن هەڵوەشێندراو ڕابگەێنی ، بەڵام راستی ئەوەیە کە ئەم کارانە تەنیا توانی شێوازی ئاشکرا و بە تەواوی ئاشکرای خەباتی زەحمەتکێشانی تورکمەن لێان بستێنێ و بۆ ماوەێکی کورت خەباتی ئەوان تووشی لاوازی بکات . بەڵام خۆراگری زەحمەتکێشانی تورکمەن بە خێرایی دەوڵەتی تێگەیاند کە سیاسەتی سەرکوت بە تەنیایی ناتوانێ خەباتی خەڵك بە شێوەیەکی کاتیش کە بووە دابەزێنی .ئەمە بوو کە سیاسەتی بە تەما خستن و خەڵەتاندنی لە پێش گرت و تەسلیمی ئیرادەی جووتیاران و زەحمەتکێشانی تورکمەن لە بەرێوەبردنی کاروباری لادێ و کاروباری کشتوکاڵی و زەوی بوو و " شوورای

جووتیاری "دانیشتوانی لادێەکانی بە گۆرینی بە ڕواڵەت ( بە شێوەیەکی گشتی ) و لە ژێر ناوی "شووراکانی ئیسلامی جووتیاری " بە رەسمی ناسی .

دەوڵەتی دژی گەلی کە لە سەرکوتنەکانی ڕێژەیی لە سەرکوتی جووتیاران و زەحمەتکێشانی تورکمەن گیانێکی تازەی بە خۆوە گرتبوو ، دەستووری هێرش بۆ سەر جووتیاران و زەحمەتکێشانی کوردیشی دەر کرد و لە یەکەم قۆناغدا نووکی تێژی هێرشی خۆی بەرەو لای شووراکانی زەحمەتکێشان لە شاری سنە ( واتە بنکەکان ) کرد .پاشان سەرانسەری کوردستانی بە ئاگر کیشا تاکو هەموو کینەی خۆی بە نیسبەت ماف و دەسکەوتەکانی دیموکراتیکی جووتیاران و زەحمەتکێشان نیشان بدات .لە هەر شوێنیک کە دامەزراوە و پێکهاتێکی خەڵکی و دیموکراتیکی دەبینی ،بومبارنی دەکرد و بە تۆپ و هاوەن وێرانی دەکرد و لە هەر شوێنیک کە خۆراگری خەڵکی دەبینی بە مەبەستی سەرکوت کردنی ئەو سیاسەتی لە ناو بردن و قەتلوعامی دانیشتوانی ئەو شوێنەی جێبەجێ دەکرد و بەم سیاسەتە توانی تا ڕادەیەک خەباتی جووتیاران و توێژەکانیتری خەڵکی کورد بە شێوەیەکی نهێنی ، دوور لەو چاو و تەنیا و ایزوڵە دەر بێنێ .

تەعکید لە سەر ئەم شتە زەرور و پێویستە کە دەوڵەت سەرکوتی وەحشیانەی جووتیاران و دانیشتوانی لادێەکانی بە هیچ شێوەیەک بەربەست نەدەکردە ناوچەکانی ناوبراو .هەر شوێنیک کە ئاسەوارێك لە جووڵانەوەکانی دیموکراتیک ، کار و چالاکی شۆڕشگێرانە و خەبات دژی پاشماوەکانی کردەوەکانی دەرەبەگایەتی دەبینی ، سەرکوتی دەکرد .و تەعکیدی ئێمە لە سەر ئەم دوو ناوچەیە لە بەر خاتری ناو بردنی بەرچاوترین نموونەکان بووە . ئاشکرایە کە بە نیسبەت و بە دوای سەرکوتی خەبات لە ئاوا سەنتەرەکانی پڕ لە تینی خەباتگێری ، ناوچەکانیتریش بە ڕادەیەکی زۆرتر سەرکوت کران و تووشی لاوازی بوون . سەرەرای ئەم هەمووە خەباتگێری و تەنانەت کار و چالاکی ڕاستەوخۆی دانیشتوانی لادێەکان و جووتیاران هەروا بەردەوام بوو .تەنیا ئاست و ڕادەی ئەو دابەزی . بۆ



نموونە زەوت کردنی زەوی لە ٤٦ جار لە ٦مانگی دووهەمی ساڵی ١٣٥٨ بە ١٩ جار لە ٦ مانگی یەکەمی ساڵی ١٣٥٩و دامەزراندنی شووراکان لە ١٩ جار بە ١٦ جار دابەزی .بەڵام سەرنج ڕاکێشترین بەشی هەڵسەنگاندنی ئێمە لە جوولانەوەکانی جووتیاری بەرچاو گەڵاڵە کردنی داخوازیەکان لە ڕێگای ناردنی نامە ، مانگرتن و دەرکردنی بەیاننامە و ڕاگەیاندراو و . . . هیتد بووە :

| جۆری جووڵانەوە و داخوازی | ٦ مانگی یەکەمی ساڵی ١٣٥٩ | ٦ مانگی دووهەمی ساڵی ١٣٥٨ |
| --- | --- | --- |
| نامە و تەلەگراف | ٢ جار | ٤ جار |
| مانگرتن | ---- | ١٣ جار |
| دەرکردنی ڕاگەیاندراو و بەیاننامە | ٢ جار | ٩ جار |
| داخوازی زەوت کردن | ٥ جار | ٢٠ جار |
| داخوازی دامەزراندنی شوورا | ---- | ٢ جار |
| کۆی گشتی | ٩ جار | ٤٨ جار |

و ئەمە بە باشترین شێوە دابەزینی متمانە بە نیسبەت حکومەت و لە ناو چوونی گۆمانەکانی ئەوان بە نیسبەت حکومەت نیشان دەدات .

بە دەس پێکردنی شەڕ و توندتر بوونی جموجۆڵەکانی دژی دیموکراتیکی حکومەتی کۆماری ئیسلامی بە بیانوی لاواز کردنی بەرەی ناوخۆیی هێرش بۆ سەر دەسکەوتەکانی شۆڕشگێرانەی کۆمەڵانی ستەم لێکراوی لادێەکان پەرەی گرت .

هەروەها بە دواکەوتنی جێبەجێ کردنی بەندی ج لایەحەی قانوونی ریفورمەکانی زەوی کۆماری ئیسلامی کە چاوەدێری دلەشکردنی زەویەکانی گەورەی خاوەن زەویەکان بوو ،و قسەکانی یەک بە دوای یەکی سەرکردەکانی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە پیویستی زیاد کردنی بەرهەمەکانی کشتوکاڵی و تەعکید لە سەر جێگیر کردنی وەزعی پێشوو لە بەر دانەبەزینی ڕادەی بەرهەم هێنان ، خاڵی پاڵپشتی و پشتوانەی بە هێزێک بوو بۆ خاوەن زەویەکان و دەرەبەگەکان تاکو

جووتیاران سەرکوت بکەن و زەویەکانی زەوت کراوی خۆیان وەر بگرنەوە . لایەنگری و پشتیوانی سوپای پاسداران ، دادگاکانی شۆڕش ، جیهادی سازەندەگی و . . . هیتد لەم چەشنە کردەوانە (و یان لە باشترین حاڵدا گوێ نەدان و مەشغوڵ کردنی خەڵك و دەس بە سەر کردنی ئەوان )زەخت و فشار بە سەر کۆمەڵانی زەحمەتکێش و جووتیارانی دانیشتوی لادێی زۆرتر لە هەموو کاتێکی‌تر کرد . بەڵام لە لایێکی‌ترەوە کەم بوون و گران بوونی باری ژیانی بە سەر شانی دانیشتوانی لادێکان کە تەنیا پاشکەوتی کەمی خۆیانیش لەم دوو ساڵەی قەیران و ڕاوەستانی ئابووریە لە دەس دابوو ، یەکجار زیاد کرد . بە تایبەت کەم بوونی سوتەمەنی ماشینەکانی کشتوکاڵی و ئامرازەکانی گواستنەوە و گەیاندنیش ئیمکانی گەیاندنی بەرهەمەکانی بۆ بازار لەوانی ئەستاند و هەم ئیمکانی کشتوکاڵ لە گەڵ ماشینەکانی کشتوکاڵیی بە زۆری کەم کردەوە و ویمکانی دابین کردنی ئاو بۆ کشتوکاڵ و کار لەو ناوچانەی کە لە ماتۆرەکانی بیری قووڵ و نیوە قووڵ کەڵکیان وەردەگرت ، بە ڕادەیەکی زۆر لە ناو برد .ئەگەر بەم هەمووە هۆکارەکانی جێگیر بوونی نرخی بەرهەمەکانی کشتوکاڵی ( بە تایبەت گەنم )و هێنانی زۆری ئەم بەرهەمانە لە دەرەوەی وڵات ( بە تایبەت برنج ) زیاد بکەین ، فشاری زۆر لە سەر جووتیاران ئاشکراتر دەبێ .لە ئاوا هەلومەرجێکدا بەرز بوونەوەی خەباتی جووتیاران لە داهاتوودا شتێکی بە تەواوی حەتمیە . بزووتنەوەی جوتیاری سەرەرای هەر جۆرە دابەزینێکی کاتی کە ئاشکرایە نە تەنیا سەرچاوەی ئەو زەخت و فشاری ئۆرگانەکانی سەرکوت و تەبلیغاتی فریوکارانەی حکومەتە ، بەڵکو نەبوونی بزووتنەوەیێکی شۆڕشگێرانەی چالاك و هەروەها خیانەت و سازشکاری " کومیتەی ناوەندی " ( مەبەست ڕەوتی ناسراو بە ئەکسەریەتە ) بە نیسبەت بزووتنەوەی خەڵکان و جووتیاران لەوێدا کاریگریی هەیە ،بۆ جارێکی‌تر بەرز دەبێتەوە و هاو هەنگاو لە گەڵ بەرزبوونەوەی بزووتنەوەی کرێکاران و زەحمەتکێشان ، خوێندکارانی زانکۆەکان و قوتابیان و توێژەکان و چینەکانی‌تری خەڵك بە ڕێ



دەکەوێ و بۆ وەدیهێنانی هەموو داخوازیەکانی خۆی دامەزراوە و پێکهاتەکانی شۆڕشگێر و دیموکراتیکی خۆی زیندو دەکاتەوە .

کۆی قسەکانمان

یەکەم :

١ _ ئاڵوگۆڕی زەوی لە ئێران " ڕێگای پروسی " ی تێپەر کردووە و دەکات کە ئاڵوگۆڕێکی خاو و لە گەڵ دڵتەزێنترین ئاکامەکان بۆ جووتیاران بووە و دەبێ .

٢ _ئەم خاو بوونی ئاڵوگۆڕە بووەتە هۆی ئەوەی کە :

ئەلف )هێشتاکە پاشماوەکانی پەیوەندیەکانی دەرەبەگایەتی لە کۆمەڵگا هەبێ ( بەش هەڵگرتن ) " ئەربابەکان و دەرەبەگەکان " ، " سەروکی خێڵ و عەشیرەتەکان " و " سەردارەکان " هێزو دەسەڵاتێکی زۆر و بەرچاویان هەیە .

ب )نابەرابەری کۆمەڵایەتی بە شێوەی نابەرابەری زەوی لە لادێکان هەروا بەردەوامە . بە شێوەیەك کە ( بە پێ ئاماری ساڵی ١٣٥٤ ) ٨٢٪ی جووتیاران ( هەژار ، وردە پا ( تا ڕادەیەك هەژار ) ، میانە حاڵ ( مام ناوەندی ) ) خاوەن ٢٣٪ی زەویەکان بن و ١٪ی ئەوانەی کە کەڵکی لێ وەردەگرن ( خاوەن مڵکەکان و خاوەن زەویەکانی گەورە ) خاوەن ٢١/٥٪ی زەویەکان بن .

٣ _بورژوازی گەورە زەویەکانی وردە مالیکەکانی کە لە ناو جەمسەرەکانی کشتوکاڵیە سەر لە نوێ و بە زەخت و زور لێان دەستێنێ و ئەوانی ئاوارەی شلرەکان دەکات .و ئەم خالە سەرەتای جووڵانەوەی جووتیاران و زەحمەتکێشان بە دوای ڕاپەرین بووە . (خشتەی ژمارەی یەك لاپەرەی ٣٢ )

دووهەم :

١ _دانیشتوانی لادێکان بە گشتی بە بوونی گۆمانیان بە نیسبەت دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی چاوەڕێ کار و کردەوەکانی دەوڵەت بوون ، ئەگەر چی زەحمەتکێشان و جووتیارانی ستەم لێکراوی خەڵکانی کورد و تورکمەن بە پێکهاتن لە ڕێکخراوەکانی دیموکراتیکی خۆیان ( شوورا ، ئیتیحادیە )لە هەمان سەرەتاکانی ڕاپەرین دەستیان

دایە کردەوەی شۆرشگێرانە (زەوتی خاوەن مڵکایەتی لە خاوەن مڵکەکان و سەرمایەداران )و وەڵامیان دایە پێویستی و زەرورەتی کۆمەڵگا ( " شۆرشی جووتیاری " ) .

٢ _بە دوای گرتنی باڵوێزخانەی ئامریکا کردەوەی راستەوخۆی جووتیاران روو لە زیاد بوون کرد و بە سەرکوتی دووبارەی بزووتنەوەی خەڵکان ( کوردستان ، تورکمەن سەحرا ) جووتیارانئەگەر چی لە جموجۆڵ ڕانەوەستان و هەروا لە جم و جۆڵدا بوون و ئارەزووی پارچە زەویەك ئەوانی لە گۆرەپانی خەبات ڕاگرتووە ، بەڵام ئەوەندە هیوایان بە وەدی هاتنی ئەم ئارەزووە نیە .

٣ _ دەبێ " ئارەزووی جووتیاری " بە " شۆرشی جووتیاری " بیگۆرین .







١ _ میللی کردن : ئامانجی پرولیتاریا لە " میللی کردن "ی زەویەکان لە ناو بردنی کوسپەکانی بەر رێگای پەرەساندنی پەیوەندیەکانی سەرمایەداریە . ئەم کوسپە هەمان پاوانخوازی بوونی خاوەن مڵکایەتی زەوی و کەڵك وەرگرتن لە " رانتی تەواو " ( وا بیر دەکەینەوە کە ووشەی " عەشریە "مانایێکی باشە بۆ ئەم بەشەی زێدە باری )لە لایەن خاوەن مڵکەکانە . چونکە "سەرچاوەی رانتی تەواو خاوەن مڵکایەتی تایبەتی لە سەر زەویە . ئەم رانتە فاکتەری پاوانخوازی ،فاکتەری نرخی پاوانخوازی وە بەر دەگرێ . خاوەن مڵکایەتی تایبەتی زەوی کوسپە لە بەر رێگای کێبەرکێ ئازاد ،کوسپە لە سەر رێگای هاو ئاست بوونەوەی سوود و پێك هاتنی سوودی مام ناوەندی لە کۆمپانیاکانی کشتوکاڵی و غەیری کشتوکاڵی . " (کۆمەڵە نووسراوەکان "پروگرامی زەوی سوسیاڵ دیموکراسی " کتێبی ١٣ ) .

بۆیە " میللی کردن "نە کردەوەیەکی سوسیاڵیستی بەڵکو کردەوەیەکی بورژوائیە هەڵبەتە بە هۆی میللی کردنی زەوی بەشی دیکەی رانت واتە رانتی تەفازوڵی کە سەرچاوەی ئەو شێوەی کشتوکاڵی کاپیتالیستیە ،لە خاوەن زەوی زەوت دەکرێ و دەچێتە گیرفانی دەوڵەت و بەم شێوەیە ئەم رانتە تا ئەو کاتەی کە سیستەمی سەرمایەداری هەیە ، ناتوانی لە ناو بچێت . بە واتایەکیتر بە هۆی میللی کردن رانتی تەواو لە ناو دەچێ و دەوڵەت دەبێتە خاوەنی رانتی تەفازوڵی .

" بۆیە لە لایێکەوە میللی کردن توزە ریفورمێکە لە سنوورەکانی سەرمایەداری ( گۆرانکاری لە خاوەنەکانی بەشێك لە زێدەباری ) و لە لایێکی دیکەوە ئەو پاوانخوازیەی کە کوسپی بەر رێگای پەرەساندنی سەرمایەداری بە شێوەیەکی گشتی دەبێ ، لە ناو دەبات " (لینین لاپەرەی ٣٠٠ی هەمان کتێب ) .

٢ _ شێوەی جێبەجێ کردنی ئەو :تەجرووبەی دوو ساڵی ڕابردووی بزووتنەوەی جووتیاری و هەروەها بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوەی توێژ و چینەکانیتری خەڵك ) لە ئێران و (تەجرووبەی بزووتنەوەی جیهانی لانی کەم لە دەورەی

ئیملاریالیزم ) بە ئاشکرایی نیشانی دەدات کە چیتر دەورانی " ریفورمەکانی بوروکراتیکی زەوی "لە لایەن دەوڵەتانی بورژوایی بە سەر چووە و " ریفورمەکانی دیموکراتیکی زەوی " لە خوارەوە و لە لایەن جووتیاران و دامەزراوەکانی دیموکراتیکی ئەوان لە دەوڵەتانی دیکتاتۆری دیموکراتیکی خەڵک تەنیا ڕێگا چارەسەری مەسەڵەی زەوی و وەڵامدەری پیویستیەکانی کۆمەڵگایە .

" بۆ ئەوەی کە بتوانین بە ریفۆرمی زەوی لە رووسیا کە حەتمی جێبەجێ دەکرێ ، ڕۆڵی دیموکراتیک و شۆرشگێرانە بدەین تەنیا یەک ڕێگا وجوەی هەیە ، ریفورمی زەوی دەبێ بە داهێنانی خۆدی جووتیاران ،لە بەربەرەکانی لە گەڵ خاوەن مڵکەکان و بوروکراسی و بەربەرەکانی لە گەڵ دەوڵەت ، بە واتایەکیتر دەبێ بە یارمەتی وەرگرتن لە ئامرازی شۆرشگێرانە ئەنجام بدرێت . "

ئەگەرچی خۆەی پلانی ریفورمەکانی دیموکراتیکی زەوی سنووری ئێمە لە گەڵ ریفورمیستەکان بە باشی نیشان دەدات و بە شێوەیەکی ئەساسی حەرەکەتی ئێمە بەیان دەکات بەڵام بە هیچ شێوەیەک لە ئەرکی ئێمە کە وەڵامدانەوەی دیاریکراو بە پیویستی دیاریکراوی کۆمەڵگای ئێمە ، بە مەبەستی دابین کردنی ئیمکانی تەبلیغ لە نێوان کۆمەڵانی دانیشتوی لادێەکان و جووتیارانە ، کەم ناکاتەوە . بەم هۆیە ئێمە بە دانی پلانی دیاریکراوی ریفورمی زەوی خۆمان لە ناوچەکانی جۆراوجۆر بە ئاستەکانی جۆراوجۆری پەرەساندن خەریک دەبین :

ئەلف ) زەوی میکانیزە کە پەیوەندیەکانی پێشکەوتووی سەرمایەداری بە سەریاندا حاکیمە ( تورکمەن سەحرا ، کشت و سەنعەتەکان و . . . هیتد ) .

دروشمەکان لە ئاوا واحییانە وەک دروشمی ئێمە لە کارخانەکانە : کونترۆڵ و چاودێری لە سەر بەرهەم هێنان لە لایەن شووراکانی واحید . بەڵام لە بەر ئەوەی کە یەکەم زەویی زۆربەی ئەم واحیدانە بە زەخت و زور لە جووتیاران زەوت کراوە و خۆدی ئەوان وەک کرێکار لە سەر ئەوانda کار دەکەن و ئارەزووی دێرینی جووتیاران بۆ وە دەس هێنانی پارچە زەویەک هەروا ماوەتەوە و تەعسیری هەیە ،



وهەم تەداروک و دابین کردنی ماشین و ئامرازەکان و کەلوپەلی پیویست بۆ ئیستیفادە کردنلە واحیدەکانی ئاوا گەورە لە وڵاتی گرێدراو و غەیری سەربەخۆی ئێمە (لانی کەم لە هێندێک کات ) زۆر دژوارە ، هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر لە بە کار هێنانی ئەم ئوسلوبە زیادەرەوی بکەین و لە هەموو شوێنێک بە بیر و فیکریەتی وشک و کوێر کوێرانە خوازیاری جێبەجێ کردنی خێرای کشتوکاڵی شوورایی بین ، دەبێ بە پێ هەلومەرجەکان زەوی بدەینە جووتیاران . لینین لە وەڵامی ئەو موغریزانەی کە قسە لە " باشتر بوونی تەکنیکی کشتوکاڵی گەورە " دەکەن و دابەشکردنی ئەم زەویانە وەک پاشەکشە دەزانن ئاوا دەنووسێ :

" . . . ئیعترازێک کە وەک هەمیشە بەم شتە دەکرێ . . . زۆرتر بریتیە لە تێکەڵ کردنی راستیەکی تیئوریکی بێ ئەملا و ئەلە گەڵ ئۆپۆرتۆنیزم و خیانەت بە نیسبەت شۆرش . بە هۆی سەرکەوتنی ئەم شۆرشە ،پرولیتاریا بۆی نیە لە دابەزینی کاتی ئاستی بەرهەم هێنان دریغی بکات . . . " ( پلانیسەرەتایی تزەکانی سەبارەت بە مەسەڵەی زەوی ، لاپەرەی ٧٧٤ی کۆمەڵە نووسراوەکان ) .

ب ) زەوت کردنی شۆرشگێرانە و دابەشکردنی زەویەکانی مالیکەکان ( لەو جێگایە کە پەیوەندیەکانی دەرەبەگایەتی زاڵە ) : لەم زەویانە کە شێوەکانی بەرهەم هێنانی کۆن حاکیمە ، ئامرازی بەرهەمهێنانی کۆن بە کار دێت و ئاستی وە دەس هێنانی بەرهەم لە خوارەوەیە و هێزی کاری زیادی بەرو لای شارەکان ڕانەکێشراوە ،دانی دروشمی کشتی بە کۆمەڵبە شێوەیەکی گشتی دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی بەرهەم هێنان ، بێ توانایی لە دابین کردنی ئامراز و ماشینەکانی کشتوکاڵی ، هەزینەکانی زۆر بە سەر دەوڵەت و بێکاری یەکجار زۆری خەڵک . بۆیە لەم زەویانە دروشمی " زەوی بۆ ئەو کەسانەیە کە لە سەری ئەودا کار دەکەن " دروشمێکی باش و گونجاوە . بەچاوترین نموونەکانی ئاوا زەویانەی لە کوردستان و ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات دەتوانین ببینین .

ج )دامەزراندنی تەعاونیەکانی بەرهەم هێنان (لەو ناوچانەی کە بەرهەم هێنان بە شێوەیەکی گشتی لە لایەن وردە مالیکەکان و جززتیارانی مام ناوەندی ( میانە حاڵ ) ئەنجام دەدرێ ) .

لەمناوچانە ئێمە دەبێ سەرەرای تەبلیغی دامەزراندنی تەعاونیەکان ، جووتیاران بە ئاشنا کردنی نموونەکانی سەرکەوتووی ئەو بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە هان بدەین . تەبلیغی ئەم دروشمە لەو ناوچانەیش کە جووتیاران زەویان لێ زەوت کراوە ( زەویەکانی میکانیزەی گەورە ، کشت و سەنعەتەکان و شرکەتەکانی سەهامی کشتوکاڵی ) خوازیاری دابەشکردنی زەویەکانن ، خاوەن گرێنگی تایبەت بە خۆی هەیە . هەروەها دروشمی " لە لاو بردنی قەرزەکان بە بانکەکان و دامەزراوەکانی ماڵی " و " دانی وامی بێ سوود " و " دابین کردنی هەموو جۆرە یارمەتی تەکنۆلۆژیک وەک ماشین و ئامرازەکان ، پەین ، توو و . . . هیتد " لە بەشەکانی پروگرامی ئێمە دەبێ بێت .

د لە هەر مەورد و لە هەر هەلومەرجێک دەبێ تەعکید بکەین لە سەر پیویستی دامەزراندنی رێکخراوی سەربەخۆی پرولیتاریای لادێ . ئەم ئەرکە بە تایبەت لە تورکمەن سەحرا و جەمسەرەکانی کشتوکاڵی لەو ناوچانەی کە مەسەڵەی نەتەوایەتی لایەنێکیتری خەباتی دیموکراتیکە ، گرێنگی زۆرتری هەیە . لە بەر ئەوەی کە دەوڵەت هەوڵ دەدات بە پەرەپێدانی جیاوازیەکانی میللی بەلوچ ، تورکمەن ، عەرەب ، فارس و . . . هیتد ،زەحمەتکێشان و کرێکارانی ئەم ناوچانە لە گەڵ یەکتر بە شەر بدات و خەباتی چینایەتی بە لارێ ببات .

ه )هەمیشە و هەموو کات لە ئاشکرا کردنی ریفورمەکانی بوروکراتیکی زەوی لە لایەن دەوڵەت تێبکۆشین . ئاشکرا کردنی کومیسیونەکانی ٧ کەسی کە پیکهاتووە لە ٥ ئەندامی دەوڵەتی ( ٢ کەس نوێنەری وەزارەتی کشتوکاڵ ، ١ کەس نوێنەری وەزارەتی ناوخۆ یان پارێزگای ناوچەکە ، ١کەس نوێنەری جیهادی سازەندەگی ، ١ کەس نوێنەری حاکیمی شەرع (سەرنج بدەنە موافقەی حاکیمی شەرع و بێ گۆمان



ئاوا موافقەیەک ناتوانێ جگە لە پالپشتی بەم ئەسڵە بێت کە نوێنەری راستەقینەی خەڵک نوێنەریپەسەند کراوی حاکیمی شەرع واتە دەوڵەتە ) ، دەبێ خالێک بێت کە "ئێمە دەبێ تەبلیغی خۆمان لە لادێ بێ درەنگ کردن لە سەر ئەودا کۆ بکەینەوە " ( پروگرامی زەوی لیبراڵەکان ، لاپەرەی ٥١ ، کتێبی " ٧ بابەت لە بارەی مەسەڵەی زەوی و بزووتنەوەی جووتیاری " ) .

سەبارەتبەم مەسەڵەیە ئێمە بە دروستی و بە چەندین جار لە نەبەردی خەڵق ژمارەی ١ دەورەی تازە تەعکیدی لە سەر کردووین ( لاپەرەکانی ١٠۶ و ١٧٤ ) . لە کۆتاییدا بۆ جارێکیتر ئەم رێنوینیەی لینینی مەزن وە بیر دینینەوە کە :

" تەنیا دوشمێک کە پیویستیەکانی ئاوا زەمانێک دابین دەکات و خەباتی چینایەتی بە ئاستێکی بەرز دەگەیێنێ ، کومیتەکانی شۆرشگێری جووتیاری ( بلێ شووراکانی جووتیاری ) بۆ زەوت کردنی شۆرشگێرانە وەک ئامرازی زەوت کردنی شۆرشگێرانەیە . "

(سوسیالیزم و جووتیاران ، لاپەرەی ٥٨ی هەمان کتێب ) .

